# شەڕە وانێکی خەلافەت جە تورکیە

# بەرەو خەلافەتی ڕووسی و ئامریکایی

# تارمایی و هەرای مەلا فەتحوڵا گولەن و مەترسیەکانی

# ئەڕای

# دۆزی نەتەوەیی کورد

**" شوێنیان هەڵگرن ، گەمارۆیان دەن، یەکینەکانیان بهاڕن، ئاگر ببارێنن بە سەر ماڵەکانیان دا، هاوار و ناڵەیان بە گریانی ئێش و ئازاری هێز فرەتر کپ بکەنەوە "**

(( ئامۆژگاری مەلا فەتحوڵا لۆ سپای ترکی بۆ لێدانی کورد لە کاتی بەناوڕەوتی ئاشتی لە باکوور- گۆڤاری ئاڵمانی شپیگل، ٢٠١٤))

**بابەتەکان :**

1. مەتەڵی کەماڵیزمی دژە ئیسلامی ، ئیسلامی کەماڵیستی و ئیسلامی دژە کەماڵیستی ! ........ 1
2. پاشخانی هزریی کوردیی چەواشەکراوی ڕەوتی گوڵەنچیەکان ........ 15
3. تەون و ڕایەڵەی مافیایی خۆجەئەفەندی ، مەلا فەتحوڵا گولەن ........ 25
4. تەقینەوەی ناکۆکی ناو ئیسلامی تورکیە و ئاقاری پەرەسەندی و کاریگەری لە سەر دۆزی نەتەوەیی کورد ........ 38

# مەتەڵی کەماڵیزمی دژە ئیسلامی ، ئیسلامی کەماڵیستی و ئیسلامی دژە کەماڵیستی !

لە نەبوونی بنەمای مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و خاک و تەنانەت چینایەتی پێویست ئەڕای بوونی پەیکەری نەتەوەیی ، هاوئاقار و هاوتەریب وەگەرد ستراتیژی و سیاسەتی رۆژئاوایی یەل پەی پێکەونانی دەولەت یەل دەسنیا جە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی ، ترکان دەولەتی بەناو نەتەوەیی ێن خوە جە سەر ئادیۆلۆژی فاشیستی و دژە مرۆیی کەماڵیستی بە زەبر وزەنگ و توندوتیژیی هۆڤانە هەڵ چنی . پاش هەرەس هێنانی ئیمپراتووری عوسمانلی لە شەڕی جیهانی یەکەم ، دوای ڕێککەوتنی لۆزان ، کەماڵیزم بووگە جێگەی پەسەندی ڕۆژئاوایی یەل بەوەی کە هێدی هێدی رێکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی ڕۆژئاوایی کردە ڕیباز و ڕێچکەی بەرەوپێش چوونی ، بە مەبەستی داپرانی ترکان جە مێژوو و ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئایینی یان .

ڕەزا قولی مەیتەر ژی هەمان ڕێچکەی کەماڵیستەکانی گرتە بەر و بە تەما بوو کە وڵاتی عەجەمان لە سەر شۆپی ڕۆژئاوایی یەل سەر لە نوێ نۆژەن بکاتەوە و لە ئاقاری بەرژەوەندی ڕۆژئاوا ، وڵاتی تاتاری قاجاری عەجەمستان وەک ئێران پێکەوە بنێ . سەرکەفتنی ڕەزاقۆلی و مستەفا کەماڵ لەم بوارەدا و پێکەوە نانی دوو وڵاتی ساختە و دەسنیای تورکیە و ئێران لە پاشماوەی ئیمپراتووری عوسمانلی و قاجاڕ ، ڕاست ئەو شتە بوو کە رۆژئاوایی یەلی ئیستعماری و ئیمپریالیستی گەڵاڵەیان بۆ داڕشتبوو و تێشی دا سەرکەوتن . عێراقی فەیسەڵ ژی وەک دەوڵەتۆکەی دەسنیای ئینگلیزان تەواکەری ستراتیژی ئیمپریالزمی سەرکەوتوو جە دەڤەرەکە دە شەڕی یەکەمی جیهانی دا بوو .

ئەم دۆخە لە دژی دۆزی کورد و بزاڤە نەتەوەیی یەکەی دا دەوری گێرا و کێشەی کورد پشت گوێ خرا و بە توندیش سەرکوت کرا .



**مستەفا کەماڵ و ڕەزا قولی دوو دژە مرۆڤ و داشی ئیمپریالزم**

لایەنێکی فرە کەمتر سرنج پێدراوی کەماڵیزم ئەوەسە کە ئەو ڕەوتە دخاست کو بابەتەک جە ئیسلامی تازەبابەت دە تورکیە دا مینا تاکە ئایین و ڕێبازی ئایینی زاڵ بکاتن کە دەکرێ وەکی ئیسلامی کەماڵیستی ناو بنرێت ، ( دواتر هیتلێری ئالمانی نازی ژی هەڵپەیەکی لەم بابەتەی کرد). ئەم ئیسلامە عابا و عەمامە و تەنانەت زمانی عاەربی وەلا نا و بە زمانی تورکی بانگی ئەدا . ئیسلامی کەماڵیستی بەڕوڵەت ئیسلامی سوننە بوو لە دژی ئیسلامی کۆنی عوسمانلی و تێکڕای ڕێبازگەل سوفیگەری و کەمینەی ئایینی شێعە و نەمازە عەلەویی یەل دەکار دەهێنرا . ( ئێک ژ هۆکار کوشت و بڕ و کۆمکوژی مەردم کورد عەلەوی جە دێرسیم و شۆرشی سەید ڕەزا لە لایەن کەماڵیستەکانەوە دەزڤریتەڤە لۆ ئەم سیاسەت و ئاکارەی کەماڵیزم ) . ئەم ڕێکارە کەماڵیستی یە هاوتەریب وەگەرد ناسیۆنالیزمەکەی زیا گۆک ئاڵپ و مستەفا کەماڵ دوو کۆڵەکەی سەرەکی کەماڵیزمی تریکی یان پێک دەهێنا . ئیسلامی کەماڵیستی ، ئیسلامی بابەتی ئایینی توێژی هەرە باڵاو بژاردەکانی کەماڵیستەکان بوو و جە گەوهەری خۆی دا دژی ئایینی ئیسلامی باو و زاڵی ناو

چین و توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگای تورکی ، مینا پاشماوەی عوسمانلی ، بوو کە دژیان بوون . ئەم دوو ڕەوتە ئیسلامی یە واتە ئیسلامی کەماڵیستی و ئیسلامی ئاسایی و باو و نەریتی ، دە ململانێ و بەربەرەکانی و شەڕی بەردەوام دا بوون ، هەر جە سەرەتا و دەسپێکی کەماڵیزمەوە هەیا ئەم دواییانە و هێژ ژی درێژەی هەس . ئەمەیچ خاڵێکی فرە گرینگە ژ مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی تورکیە بە گشتی و ئی دە باکووری کوردستان بە تایبەتی . کاردانەوە و بەربەرەکانێی کۆمەڵانی خەڵکی تورکیە بە تورک و کورد و گەل و نەتەوەیەل ترەک ، لە دژی کەماڵیزم مینا دیاردەێکی نامۆ بە تان و پۆی کۆمەڵگاکەیانەوە ، لایەنێکی زەقی ئایینیی کۆن و باوی بەخۆوە گرت . بزاڤی کوردێنی شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزا ژی لەم تایبەتمەندیە بە دوور نەبوون . پرانی وان کەسان کو لەم خاڵە گرینگە مێژوویی یەی تورکیە و جەوهەری کەماڵیزم تێ نەگەیشتوون ، ئاکاری دواکەوتوویی ئایینی ئەدەنە پاڵ بزاڤی نەتەوەیی ئەو سەردەمی کورد جە باکوور و ئەو بیرۆکە چەوت و چەواشەکارانە تێرنە هۆلێ کە گوایە کوردان دخاستن بێچمی عوسمانلی ڤەژێنن و ئیدی ئەو چەند نابینن کو کەماڵیزم پێش هەر تشتەک و تەنانەت فرە پێشتر جە هەستی نەتەوەیی ، هەستی ئایینی خەڵکی بزواند لە دژی خۆی ، خەڵکێکە هەتا دوێنێ لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئایینی ئیسلامی عوسمانلی دا ئەژیان ، لۆ سەدان ساڵ . کەماڵیزمی زیا گۆک ئاڵپ و مستەفا کەماڵ بە ئاکاری زەقی ناسیۆنالیستی و شوینیستی و فاشیستی یەوە دەستی پێکرد و گشت کاردانەوەیەک چ ئایینی و چ نەتەوەیی وەکی ئی دە کوردان ژ دژی خۆی بە کۆنەپەرەست و لایەنگر و شوێن کەوتووی عوسمانلی دائەنا و ئەی ناساندن . هەتا لەم دواییانەدا کاتی مێژوویی کەماڵیزمی مستەفا کەماڵ و زیا گۆک ئالث بە سەرچوو و کەماڵیستی ئیسلامی ئانکو ئیسلامی کەماڵیستی لە ڕەوتێکی دەیان ساڵەی تژی هەڵس و کەوت و دابەزین و سەرکەوتن جێگەی بابەتە کۆنەکەی گرتوەتەوە و نها سەردەستە .

ڕەزا قولی مەیتەری عەجەمان مینا هاوڕێری مستەفا کەماڵ وەک ئەوی پێ نەکرا و تەنانەت لە شەڕی دووهەمی جیهانی شاربەدەریش کرا . لەم سۆنگەوە ستراتیژی سیاسی دیاری کراو لە

لایەن ڕۆژئاوایی یەل، تایبەتمەندیێکی تاقانە و دەگمەنی ڕۆژئاوایی گەری و دژە ئیسلامی ( ئی دە بابەتی کۆن و باو ) دایە تورکیەی کەماڵیستی . دەبێ کو بێژین کە تایبەتمەندی دژە ئایینی و نەخاسما دژە ئیسلامی کەماڵیزم ڕاست ئەو چتە بوو کە ڕۆژئاوا بە گشتی و هەروەتریش کمۆنیزمی لنینی عرووسان پێویستیان بوو وەک هۆکار و ئامرازێکی کارا و کاریگەر پەی بەربەست کردنی ژیانەوەی خەلافەتی ئیسلامی کۆن لە جیهانی ئیسلام دا . سەرمایەداری گەشەکردوو و پاوانخوازی ڕۆژئاوا ، ئیمپراتووری عوسمانلی وەک بەربەستێکی سوور ئەڕای خۆی ئەبێنی هەم جە ئالی ئابووری و هەمیچ ژ ئالێ سیاسی و فەرهەنگی و ئادیۆلۆژیکی یەوە کو جە بنەڕەتدا ئیسلامی بوو بەوەی کە ئیمپراتووریەکەی عوسمانلی وەکی خەلافەتی ئیسلامی دەناسرا . ئاکاری دژە ئیسلامی ڕەزاقولی و مستەفا کەماڵ و هەر دوو دەوڵەتە دەسنیاکەیان ڕەنگدانەوەی پێداویستی مێژوویی پارەپەرەستانی سەرمایەدای ڕۆژئاوا بوو ، دە ڕاستی دە . ڕیکاری فاشیستی کەماڵیزم و ڕەزاقولی جە بەئاکام گەیاندنی ئەرکی پێ سپێردراویان بە گشتی و لە دژی ئیسلام بە تایبەتی ، بەڵگە و ئاماژەیە بەو ڕاستی یە کە ڕێکار و ڕێبازی ئیمپریالیستیان دژی کۆمەڵگاکەیان بووە و بەتەواوەتی ساختە بووگن و نامۆ بە ڕەوتی گەشەی ئاسایی کۆمەڵایەتی خەڵکەکەیان . ڕێکاری فاشیستی ئەو دووە ئەچێتە ناو بازنەی هەمان ڕێکاری دژە مرۆڤانە کە لە داسەپاندنی ئایینی و ئادیۆلۆژیکی کریستان و ئیسلام و ئیستعمار و کمۆنیزم بە سەر مەردما دەکار هاتگە بە درێژایی مێژووی خوێناویی و تژی هەڵس و کەوتی مرۆڤایەتی و ئازارەکانی .

لێگرە و لە پێوەندی وەگەرد کەماڵیزم دا پێویستە کە جارەک دن بەشێک ژ بابەتێکی پێشووترمان بە ناوی " گەمەو وازی سیاسی – ستراتیژیکی ڕووس و ئامریکا ؛ کەماڵیزم ، کمۆنیزم ، پەیمانی سایکس پیکۆ " لە مەڕ کەماڵیزم و هەڵوێستی ڕۆژئاوایی یەل و کمۆنیستان بێرینە بەر چاڤین خوێنەر. ئەمێ نڤیسی کو :" گوتەی فرانکلین ڕۆزەڤەلت سەبارەت بە مستەفا کەماڵ شیاوی ڕامانە کە ئێژێ گوایە لە لیتینۆڤ ، وەزیری دەرەروی سۆڤیەتی بیستووە کە " بەنرخ ترین و سرنج ڕاکێش ترین پیاوی دەولەت لە هەموو ئاوروپادا ، ئیرۆ لە ئاورووپا ناژی ، بەڵکو لەوپەڕی بۆسفۆر، لە ئانکارا ئەژێ

و ئەویش قازی مستەفا کەماڵ ئاتاتورکە " . وینستۆن چرچیل ژی لە مردنی ئاتاتورک دا گوتبووی کە " مردنی ئاتاتورک... تەنیا خەسارێک نیە لۆ وڵاتەکەی بەڵکو خەسارێکی گەورەیە لۆ ئاورووپا " . چارلز دوگۆڵی فەرانسەیی ژی دەبێژی کو " ئیرۆ مێژووی تورکیە و ڕۆژئاوا و ئاورووپا لێک جیا ناکرێتەوە ، فرەتر جە هەر کاتێک ، و هەوڵی ئاتاتورک لەم ئاقارەوە بێ ئاکام نەبووە " . کە دێتە سەرەی جان ئیف کەنەدی ، ئیتر ئەو کابرایە هیچی تیا ناهێڵێتەوە و ئیژێ کە " ناوی ئاتاتورک مرۆڤایەتی لە کردەی مێژوویی یەکێک لە گەورەترین پیاوانی ئەم سەدەیە ئاگادار ئەکاتەوە .... بێگۆمان نموونەیەکی دیکە نابینرێ کە سەرکەوتنێکی گەورەتر لە لە دایک بوونی کۆماری تورکیە و چاکسازیێکی قووڵ و بەرین کە لە ئەستۆی خۆی گرتبوو ، نیشان بدات " . زۆرێکی دیکە لەم هەڵیت و پڵیت و پێدا هەڵ گوتنە تۆمار کریاگە کە بە تێکڕا خویا دەکات کە مستەفا کەماڵ و فاشیزمی کەماڵیستی دە بەرژەوەندی پارەپەرەستانی زاڵ بە سەر ڕۆژئاوا دا دەوری هەرە گرینگی گێراوە . ئەرمەن و کورد و لاز و چەرکەس و یونانی و مەردم ترک ژی گاورەترین ئازاریان چەشت لە دەست کەماڵیزم و وادیارە ئەم ئازار و چەوسانەوەی نەتەوەیی یە گرانەی ئەو گەل و نەتەوانە و ناوەرۆکی ڕەگەزپەرەستانە و دژە مرۆیی کەماڵیزم و زیا گۆک ئاڵپ ، ئەڕای ڕۆژئاوا گرینگ نەبووگە و نیە و فڕ و فیشالی لیبرالیزمی ڕۆژئاوایی ئەشێ پەیڤی بێ واتا و ناوەرۆک بێ ئەڕایان . بەوان پەیڤێن بێ بنەما و درۆزنانە بە ڕوونی دەرئەکەفێ کە مستەفا کەماڵ و کەماڵیزم بە هەموو ئاکارێکی فاشێستی و دژە مرۆیی یەوە ، داشێ ڕۆژئاوایی یەل بووگە و پەی مەبەستی جێگرەوەی عوسمانلی هاتگەسە بکار ئانین ".

وەکی کو هاتە گەنگەشەکرن ، ڕەزا قولی مەتیەر و فەیسەڵ و مستەفا کەماڵ و دەوری دژە مرۆڤانەیان لە پێکەوە نانی دەوڵەت یەل دەسنیا ڕاستەوخۆ پێوەندی هەس بە ستراتیژی سەرمایەداری ئیمپریالیستی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی یەوە و جە سەر ئەو شۆپە بە سەرکەوتویی یەوە دەمەشین هەیا سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی . باڵادەستی سەربازیی کمۆنیزمی ستالینیستی عرووسان لە شکانی نازی ئاڵمانی و داگیر کردنی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئاورووپا دۆخی لە لایەن ئەوانەوە ، سیاسەتی جیهانی بە تەواوەتی گۆڕی و سەرەتای شەڕی سارد

دەستی پێکرد . ئاکاری پەرەخوازانە و هێرش بەرانەی ستالین و ستالینیزم و گەرم داهاتنی شەڕی سارد و رکەبەری و رقەبەری و ململانێی کمۆنیزم و سەرمایەداری بەوە شکایەوە کە بیرۆکەی چەپ و کمۆنیستی بە ئاکاری دژە ئیستعماری و ئیمپریالیستی تەشەنەی کرد و هەموو جیهانی مرۆڤی بن دەستی ئیستعمار و ئیپریالیزمی تەنیەوە . کارنامەی ڕەش و ڕژدی دژە مرۆڤانەی ئیستعمار و ئیمپریالیزمی تاوانکار ، بنەمای ئەو پەرەسەندنەی کمۆنیزمی پێک دەهێنا و بوار ئەڕای ڕەخساند . پارەپەرەستانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا خۆیان دە هەمبەر مەترسی سوور و بەهێزی کمۆنیستی و ئاڵای سوور دا بینیەوە و لە گەلێ شوێن دا دۆراندیان و ئاخرەکەی ئیستعمارێ بۆگەن هەرەفیا و مایەوە ئیمپریالیزم و کمۆنیزم .

ڕێکاری بەرەنگاربوونەی کمۆنیزم و کاردانەوەی سەرمایەداری جە هەمبەر پێشڕەوی کمۆنیزم پچەک ئاڵۆز و فرە لایەن بوو . ئیك ژ وان ڕێکاران ، پەنابردنە بەر بیرۆکەی ئایینی و خواپەرەستی بوو کو لە دژی بیرۆکەی خوانەناسی و دژە ئایینی کمۆنیزم بە گەرمە هاتە بکار ئانین . ئەم بادانەوەی سەرمایەداری ژ بۆ پرواى ئایینی پەی مەبەستی شەڕی دژە کمۆنیستی ، دیاردەیەکی جیهانی و مێژوویی بوو کە ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر ستراتیژی کۆنیان لە سەدەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی . پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی ستراتیژی نوێی دژە کمۆنیستی ، شروشت و تایبەتمەندی هەتا ئەو کاتەی هێز و لایەنە سەر بە ئیمپریالزمیەکانی ژی ، لە ناویان دا کەماڵیزم کە لێگرە مەبەستە، گۆڕی . کەماڵیزم ژی ناچار کرا کە هاوتەریب و هاوئاقار وەگەرد بەراتدەرانی ئیمپریالیستی خۆی ، مژاری ئایینی و نەمازە ئیسلامی ژ تورکیە ، هەم ئیسلامی کەماڵیستی و هەمیچ ئیسلامی نەریتی و باو بەتایبەت ، پەی شەڕی دژە کمۆنیستی ببووژێنێتەوە و دەکاری بهێنێ . ئاکامی ئەم بادانەو و ئەم گۆڕانکاریەی پاش شەری دووهەمی جیهانی ، ئیسلامی کەماڵیستی بە هێزی لێ شین بوو جە تورکیە کە وردە وردە دەرگای بۆ ئیسلامی نەریتی ژی ئاوەڵا کرد . کەماڵیزم هەر بۆخۆی پاوانخوازی سیاسی و دەسەڵاتداریی و بەڕێوبردنی وڵاتی شکاند . پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و لە ١٩٤٥ دا یاسای فرە حزبی و پارتی سیاسی دەرچوو و پێکەوە نانی پارتی دێمۆکڕات ، ئیسلامی

کەماڵیستی خستە گەڕ . لێگرە پڕە ئیتر شەڕی ناوخۆیی کەماڵیزم لە نێوان تەیاری ئایینی و نائایینیدا دەستی پێکرد و مێژووی ٦٠-٧٠ ساڵەی دوایی تورکیە ، مێژووی ئەو شەڕ و هەڵلا و بەزمەیە ، ئەڵبەت نابێ کوڕەوتی چەپ و کمۆنیستی ژی ژ بیر بکرێتن . جە نووسراوەی پێشوومان " گەمە و وازی ..." گەمەی سیاسی کەماڵیزم وەگەرد ڕەوتی کمۆنیستی گەنگەشە کرا و ئەو خالە دیاری کرا کا چاڤا کەماڵیزم لیستۆکا خوە تەڤ کمۆنیستان لیست . لیستۆکا کەماڵیزم وەگەرد ئیسلام و ڕەوتی ئایینی ژی ، کو خاڵی گەنگەشەی ئەم نووسراوەیە ، ئەو ڕاستیە خویا ئەکاتن کە ستراتیژی سیاسی کەماڵیزم بەربەستی ئادیۆلۆژیکی کمۆنیستی و ئیسلامی شکاندبوو و وەلای نابوون . سەردەستی و زاڵ بوونی کەماڵیزم لۆ دەیان ساڵ بەرهەمی ئەو تایبەتمەندنیە تایبەتەی کەماڵیزمە کە هەم کمۆنیزم و هەمیچ ئیسلام لۆ بەرژەوەندی خۆی دکار ئانیە بە سەرکەوتوویی یەوە . شیکاریی یەکی بەراوەردکارانەی سەر پێی تورکیە و کەماڵیزم وەگەرد ڕەزاقولی و قولیزادەی کوڕی لە عەجەمستان، ئەو ڕاستیە دەرئەخات کە کەماڵیزم فرە فرەتەرتەر ژ عەجەمان و بنەماڵەی ڕەزاقولی کاراتەرتەر بوو . لە کاتێک دا کە کەماڵیزم بە هاسانی یاری بە کمۆنیزم و ئیسلام دەکرد و ئەیکات ، قولیزادەی عەجەمان ئەو کێشەی نەبوو و ئاخرەکەشی ئیسلامی شێعەگەری سەفەویی تەخت و بەختیانی پێچایەوە ، لێ کەماڵیزم هێژ ژی بەردەوامە دە بەرگی ئیسلامی ساختە دا . کەماڵیزم لە ١٩٤٥ دا بواری فرە حزبی و پارتی سیاسی هێنایە ئاراواوە کەچی قولیزادەی عەجەمان دەیان ساڵ دواتر بەزمی تاکە حزبی ، لە سەر شۆپی کمۆنیستی و بەعسی داسەپاند و حزبی ڕەستاخیزی پیکەوە نا کە سەری خۆی و ڕژیمەکەشی خوارد .

هەڵس و کەوتی ترکان دە ژێر ناوی ئیسلامی کەماڵیستی وەگەرد کورد و دۆزی نەتەوەیی کورد لەم ساڵانەی دوایی دا ڕەنگدانەوەی هەمان ئاکاری کراوەیی کەماڵیزمە لۆ یاری و گەمەی سیاسی. وەک ئەبینرێ کاربەدەستانی ترک تەنانەت سڵ لە ئاڵای کوردستان ناکەنەوە و ڕەوتی ئاشتیان لەگەڵ پ ک ک دەست پێکرد و بەشی ئەوەندەشیان هەس کە پاش تێکدانی ئەو ڕەوتە دیسا دەس پێ بکەنەوە ، گەر پیداویستی سیاسی ڕۆژ بخوازێ . بەراوەردی ئەم ئاکارەی کەماڵیزمی تورکان

لەل مەڵای عەجەمان و شێعەگەری سەفەویی دیسان ئەو ڕاستیە دەرئەخات کە تەنانەت نزیکی ڕەگەزی و زمانی و فەرهەنگیی کورد و عەجەم نەی توانیە و ناتانێ درگای یاری سیاسی لۆ مەلای عەجەم ئاوەڵا بکات و مەلا عەجەم وەک جندۆکە لە بەر ئاڵای کوردستان دەڕەون .

فاشیزمی کەماڵیستی بابەتی دڵی رۆژئاوا و کمۆنیستان دەورێکی هەتا بیژی دژە مرۆڤانەی لە دژی گەل و نەتەویەل ناو تورکیای بینی . لەل ئەمەیچ ، کەماڵیزمی تورکی لۆ ساڵانێکی فرە ( دەیان ساڵ ) بە کردەوە دەرەتانی سەرهەڵدانەوەی خەلافەتی ئیسلامی نەک هەر بە تەنێ ژ تورکیە لێ بەلێ جە جیهانی ئیسلامی ژی نەهێلا . لێ کاتێکە ، لە دۆخی گشتی ئەم دواییانەدا ، ئیسلامی سیاسی سەری هەڵدا و بووگە یاریکەرێکی دیاری گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکە و تاڕادەیەکیش جیهانی ، هەر هەمان کەماڵیزمی تورکی ئەوەندی لەبارا بوو و ئەوەندە ئامادەکاری بۆ کردبوو کە نەک هەر دەرەتانێک لۆ خۆی ببینێتەوە لۆ یاری سیاسی ، لێ بەلێ دەوری فرە گاریگەر و بەربەچاڤ ژی دە وێ بارێ دە بگێری . کەماڵیزمی ئیسلامی ئانکو ئیسلامی کەماڵیستی هێژ نەناسراوە و باسی نیە . ئەم دیاردە بە ڕواڵەت نامۆ بە مێژووی هەنووکەیی ، بە هەرەس هێنانی کمۆنیزم و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە دەرەوەی کۆمەڵگای تورکیە و نەمازە دەوری ئاشکرا و نهێنی رۆژئاوا و بە تایبەتی ئامریکا ، هاتوەتە گۆڕێ و شیاوی قووڵ بوونەویە . بە بێ تێ گەیشتنی ڕاست و دروست لە کەماڵیزم و مێژینە و کارنامەی دەیان ساڵەی ، شرۆڤەی تورکیەی ئیرۆژی گەلێ زەحمەتە .

پرە قووڵ بوونەوەیەک لە ڕەوتی سەرهەڵ دانەوەی ئیسلامی لە تورکیە و بوویەرێن پێوەندیدار ، سروشت و ماکی ئەم ڕەوتە پتر ئاشکرا ئەکاتن . کەماڵیزم لە هەرتک ستراتیژی ناسیۆنالیستی و ئایینی دا شکا ، وەک ئەوەی مستەفا کەماڵ و زیا گۆک ئاڵپ دیاریان کردبوو . کەماڵیزم نەی تانی کو نەتەوەی ساختەی یەک دەست ژ گەل و نەتەوەیەل تورکیە پێک بهێنێ و هەر وسا ژی دە هەمبەر ئیسلامی نەریتی و باوی عوسمانلی دا نە بەتەنێ سەرکەفتی نەبوو لێ بەلێ بن باندۆرا وی کەماڵیزمی کۆنی مستەفا کەماڵ هەرەسی هێنا ژی و تەپی و ناچار بوو کە بەرگی نوێی ئیسلامی

له بەر بکات . نەتەوەی کورد و بزاڤێ نەتەوەیی وی دکاری ڕۆل و دەورێکی فرە کاریگەری هەبا دە شکستنا ناسیۆنالیزم و سیاسەتا نەتەوەیی ێن کەماڵیزم ، لێ پ ک ک ئەو دەرفەت ژ کوردان رە ون دا کر و بووە هۆکاری بەهێز بوونی فاشیزمی کەماڵیستی هەیا ڕەوتی ئیسلامی کارێ خوە کر و کەماڵیزمی کۆنی شکاند .

کەماڵێزم جوورە سروشتی چینایەتی خوە بەرژەوەندی چینی هەرە باڵای دەپاراست و لە ڕاستی دە شتێکی ئەوتۆی پەی قات و توێژەگەل نەدار و هەژاری کۆمەڵگای پێ نەبوو . شرۆڤەی جاشوا هیندریک (Joshua Hendrick) مامۆستای زانکۆی لۆیۆلای ماریلاند (Loyola University Maryland) لە پەرتووکی- Gülen The Ambiguous Politics of Market Islam in Turkey and the World " - گولەن سیاسەتی نادیاری بازاڕی - ئابووری ئیسلام ژ تورکیە و جیهان " شیاوی ڕامانە کە ڕەوتی سەرهەڵدانەوەی ئیسلام لە تورکیە مینا هاتنە گۆڕێی ئابووری ئیسلامی (Market Islam) جە هەمبەر ئابووری نائیسلامی زال بە سەر تورکیە و جیهانا ئەخەملێنێ . گۆر تێروانینی جاشوا ، خەڵکە بێبەش کراوەکەی تورکیە لە داهات و خێر و بێری ئابووری ئەو وڵاتە ، کوردەکەو ماچۆ خوازیاری برابەشانەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون و مەلا فەتحوڵا گولەن ڕیکاری ئەم ستراتیژیەی لۆیان ئاوەڵا کرد . جاشوا هیندریک هەوڵی ئەوە ئەدات کە ناکۆکی چینایەتی و نەتەوەیی چەق بەستووی ناو کۆمەڵگای تورکیە و دەوری کەماڵیزم و ڕەنگ و دەنگ و بەرگ گۆڕینی بە ناکۆکی نێوان ئابووری ئیسلامی وەگەرد ئابووری نائیسلامی واتە سەرمایەداری ببەستێتەوە و بەمەش مێژووی تورکیە و دۆخی دژبەریی نەتەوەیی لەو وڵاتە وەک ئاکام و بەرهەمی کەماڵیزم و کارنامەکەی دێزەبە دەرخۆنە ئەکات . وەکی ئاماژە وەپی هاتە کرن کەماڵیزمی کۆن بە هەموو ئاکار و تایبەتمەندی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی یەوە جێگەی پەسەند و ئافەرینی ڕۆژئاوایی یەل بوو . ئابووری ئیمپریالیستی سەرمایەداری دە مێژ دە ئاکاری جیهانی بە خۆوە گرتبوو و ئابووری تورکیەی کەماڵیستی ژی پارەک بوو ژ ئابووری جیهانی . تێکەڵی تورکیەی کەماڵیستی بە ڕۆژئاوا جە گشت

بوارێک دا پڕ خوەش خویا بوو و بوونە ئەندامی ناتۆ و هەوڵی بوونە ئەندامی یەکیەتی ئاورووپا و ئاسانکاری سیاسی و ئابووری و سەربازی ژ بۆ تورکیە بە تێکڕا رەنگدانەوەی ئەم ڕاستیەن .

پێداگری جاشوا هیندرێک لە سەر ئابووری ئیسلامی و نائیسلامی لە تورکیە گرفتێکی دیکەش تێرێتە هۆلێ کە ئەویچ ناسیۆنالیزمی تورکی یە . دە هەمان نووسراوەی پێشوومان ( گەمە و وازی ...) ئەڤ چەند هاتە گەنگەشەکرن کو زیا گۆک ئاڵپ مینا بیرمەندی هەری دیارێ کەماڵیزم و ناسیۆنالیزمی تورکی بیر و هزری ئەمیلی دورکهایم (Emile Durkheim)ی چەواشە کردەوە و ناسیونالیزمی تازەبابەتی تورکی ( کەماڵیزم ) وەکی ئادیۆلۆژی سەرمایەداری ترکان تێۆریزە کرد . ئەوەش گەلێ باش زانراوە کە ڕەوتی ئیسلامی نەمازە ئی دە گولەنچیەکان زۆر بە خەستی داکۆکی جە تورکچیەتی رەوتەکەیان دەکەن . هەر جاشوا بۆخوە دەبێژێ کو : " ( گولەنچیەیەل) فرە فرەتر لەوەی کە دەیانەوەی خۆیان وەک شەقڵی جێگرەوە (alternative)  بینوێنن ، تورکچیەتی لە ڕەوتەکەیان دایە ؛ ڕەوتەکەیان کەمتر ئیسلامچیەتی و زۆرتر تورکچیەتی یە " . تورکچیەتی وەک ناسینالیزمی تورکی تایبەتمەندی هەرە زەقی ئیسلامی ترکانە کە تەنانەت دژی ئایینەکەیانە گۆڕ سروشتی ئیسلام . بەم پێ یە دەبێ کو ناسیۆنالیزمی ئیسلامی ترکان کە هێژ دە بن داهۆڵی مستەفا کەماڵ دا ئەمەشێ ، لە سەر بنەمای ئابووری و بازاری ئیسلامی جە هەمبەر ناسیۆنالیزمی نائیسلامی سەرمایەداری زیا گۆک ئاڵپ و مستەفا کەماڵ دابنرێ کە ئەکەڤێتە دەرەوەی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوو ، بە تایبەت لە سەردەمێک دا کە شۆرشی دیژیتاڵی و ئابووری دیژیتاڵی بواری دیرۆکی پەی ناسیۆنالیزم نەهێشتوەتەوە هەر وەک چۆن لەم سەردمەدا بوارێک ئەڕای ئابووری ئیسلامی خەون و خەیاڵێش نیە و ئەوەش خویایە کە تاکە ناسیۆنالیزمێکە بواری جووڵەی لە ئیسلامدا هەبێ عرووبەی عارەبانە نەوەک تورکچیەتی . جاشوا هێندرێک ئێک ژ وان ئاکادیمیسینەیە کە بە تێر و تەسەلی کار وەبان دیاردەی ئیسلامی و نەمازە ڕەوتی گولەن و خزمەت کردوە و کورت هێنان و کەمایەسیەکەی ، ئاماژەیە بەو ڕاستی یە کە

کەسانی مینا جاشوا بە تەواوەتی ئاگاداری وردەکاریەلی کۆمەڵگایەکی تێکچرژاو و تێکەل و پێکەڵی وەکو تورکیە بەو مێژووە ئالۆزەیەوە نین.

فرەش نازانستیانەتەرتەر ژ جاشوا هیندریک ، شرۆڤەی هێلێن ڕۆز ئیباوگ (Helen Rose Ebaugh) لە پەرتووکی " هەرای گولەن ؛ لێکدانەوەیەکی کۆمەڵناسانە لە مەڕ بزاڤێکی ڕەگ داکوتاو لە ئیسلامی نەرمەڕ- " The Gülen Movement A Sociological Analysis of a Civic Movement Rooted in Moderate Islam کە تێیدا سەرهەڵدانەوەی ئیسلام ژ تورکیە و ڕەوتی گولەنچیەتی لەدەرەوەی سیاسەتی حکومەت و ئادیۆلۆژی دەوڵەتەتی تورکیە دا ئەبینی و ئیژێ کە : " ئەو ڕەوتە ( گولەنچی ) پشت بە ئایین و فەرهەنگ و پەروەردەکردن و دوور لە سیاسەت دەستی پێکرد بە مەبەستی دابین کردنی دەرەتان لۆ جیلی تازەپێگەیشتووی تورکی " . ئەم خانمە پرۆفسۆرە ژی وەک بنەماڵەی بیل کلینتۆن و بەتایبەتی هێلێری داکۆکۆیکارێکی چەواشەکاری مەلا گولەنە کە لە ئامریکا وەک ئیمامی کلینتۆن ئەناسرێ . کەین و بەین و پێوەندی حاشیرەتی کلینتۆن وەگەرد مەلا گولەن لەم دواییانە دا لە لایەن ویکیلیکەوە (wikileak) بە ڕوونی لە قاو دراوە و ئاشکرا بووگە . ماک و ناوەرۆکی لایەنگرانەی هێلێن بۆ گوڵەن لە پەرتووکەکەی دەق دژی ئەو بەڵگەفیلمەی " کوشتنی پەروەدە KILLING ED A - Documentary Film About Charter Schools, Corruption, and the Gülen Movement in America "یە کە لە سەر دەوری مافیایی و تێکدەرانە و نایاسایی و نائاسایی گولەنچیەکان لە ئامریکا چێ کریاگە . لۆ ئەم خانمە باشتر ئەوە بوو کە کەماڵیزم و کارنامەی کەماڵیزم وەک خۆی و وەک ئەوەی کە لە مێژووی تورکیە دا تۆمار کریاگە ، بناسێ .

بە پێچەوانەی کەسانی وەکی هێلێن ڕۆز ، ئەوە زانیاری زانراوی گشتی یە کە پەی نموونە چاکسازی ئابووری و سیاسی تورگت ئۆزاڵ بواری بە گەشەی ئیسلامیەکان دا و سەرهەڵدانی بورژوازی ئاناتۆلی ( بەورەکانی ئاناتۆلی ) بەرهەم و ئاکامی ئەو چاکسازیەی ئوزاڵ بوو . دیسا ئەوەیچ ئەزانرێ کو هەڵدانی بزاڤی کمۆنیستی و چەپ و مەترسی شەڕی ناوخۆیی جە تورکیە لە ساڵانی ٧٠ و ٨٠ کانا گەیشتە ئاستی خۆتێ هەڵقورتانی سپای کەماڵیستی ترکان لە کاروباری سیاسی و

کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە و ئەوە سپای کەماڵیستی تورکیە بوو کە پەی مەبەستی دژایەتی کمۆنیزم و سەرکوت و بەربەست کردنی بزاڤی کمۆنیستی دەنەی بیر و بۆچوونی ئیسلامی دا و ئەمەش ڕەوتی ئیسلامی سیاسی فرە بەهێز کرد . دەوری کەماڵیزم وەکی دەوڵەت و سیاسەت لە پێگەیاندن و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی ژ تورکیە ڕاستییێکی حاشا هەڵ نەگرە .

بابەتی کەماڵیزمی دژە ئیسلامی و ئیسلامی دژە کەماڵیستی بابەتێکی گرینگی مێژوویی یە و لۆ تێگەیشتنی ، فرە فرەتەر لەوەی لێگرە گەنگەشە کراوە هەڵ ئەگرێ . سەیر و سەمەرە و تا ڕادەیەک ژی جەفەنگی ئاکادیمیانە ڤر دە ئەوەسە کە جاشوا هیندریک و هێلین ڕۆز مژارەکە گرێ ئەدەنەوە بە توێژی وردکە بورژوای تورکی و ئادیۆلۆژی ئیسلامی نەرمەڕی ترکی و ململانێی ئابووری ئیسلامی و نائیسلامی لە ناوخۆی تورکیە و ئیدی ئەو ڕاستی یە نابینین ئانکو کوێری ئەکەنەوە کە ڕەوتی گولەنچی بۆ نموونە لە سەر چەواشەکاری بیر و هزری سەعید نورچەشمەسی و دژایەتی کمۆنیزم لە پلەی یەکەمدا لە تورکیە و دواتریش لە ئاستی جیهانی دا ، لە لایەن پارەپەرەستانی سەرمایەداری جیهانیەوە سازکراوە و دەکار هێنراگە . یەکەم بازگەی گولەنچیەکان لۆ دەرەوەی تورکیە پاش هەرەس هێنانی کمۆنیزمی عرووسان (١٩٩١) هاتە هۆلێ و لۆ کۆماریەل ئاسیای ناوەندی و ئەفغانستان و هەر وەتریش ئیندۆنیزیا و سوودان وپاکستان وتەنانەت مەکزیک و ژاپۆن هەنارده کرا. هەناردەکرنا ئیسلامی شەڕەنگێز تەنیا کاری مەلا خومەینی عەجەمان نەبوو بەڵکو مەلا گولەن ژی پێی هەل سا . ئەمەش لەو ساڵانە و لە کاتێکدا بوو کە ئیسلامی تورکی و وردکەبورژوای ترکان هێشتا بەرژەوەندی ئابووری یە ئیسلامیەکەیانیان لە ناوخۆی تورکیە دا مسۆگەر نەکردبوو و ساڵانێکی پێ چوو هەتا بەناو " بەورەکانی ئاناتۆلی Anatolian Tigers " - ی سەر بە گولەن خۆیان لە سازیی ئابووری و بازرگانێ توسکۆن ,Turkish Industrialists Confederation (TUSKON-) لە ٢٠٠٥ ڕێک خست و بانکی ئاسیا یان دامەزراند . ئەم ڕاستیە ژی ئەڤ چەند خویا دەکاتن کە جاشوا هیندریک و هێلین ڕۆز یان ئاگایان جە مێژینەی ڕەوتی ئیسلامی ژ تورکیە و گولەنچێەکان نیە ئانکو بەمەبەست کوێر و چەواشەی ئەکەنەوە . گولەن و گولەنچیەکان لە سەر هەمان شێوازی مافیایی

و به یارمەتی و ئالیکاری و ئاسانکاری کاریگەری ناتۆ و سی ئای ئەی و کەسانێک وەک بنەماڵی کلینتۆن و جەیمز بەیکر و کۆفی عەنان و مادلین ئۆلبرایت و گەلەکی دن دزەیان کردوەتە ناو جەرگەی پتر لە سەد وڵات ( ئیدی باسی باشووری کوردستان با بوەستێ کە تاپۆیانە ) و بەدزیەوە و بە نهێنی و ناوی خاپێنەرەوە وەک مڵە و خۆرە خۆیان لێ مڵاس داوە و کاروباری دژە مرۆڤانەیان ئەمەشێنێن . ئەوەی کە بواری ولو کار و دزەکردنێکی ئەڕای گولەنچیەکان ڕەخساندوە ئەو هۆکارە کاریگەرە دەرەکیە وەک بنەماڵەی کلینیۆنە نەوەک وردکەبوارژوای کۆمەڵگای تورکی بە ئادیۆلۆژیای ئیسلامی یەوە . ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە خامەبەدەستانی هۆگری ڕەوتی گولەن نای بینین ئانکو بەمەبستی خاپاندن پشت گوێی ئەخەن.

ماوەیەک لەمەوبەر ئامریکا پرە تەوژمێکی خستە سەر تورکیەی ئیسلامی لە پێوەندی وەگەرد ئالیکاری و کارئاسانیان ئەڕای ڕەوتی هۆڤانەی داعشەیەکان جە سووریە و کاردانەوەی ئەردۆغان ژی ئەڤ بوو کە هەڕەشەی لە ئامریکایی یەل کرد کە گەر زۆر لە سەر ئەو مژارە پڕۆن ئەوە ئەو ژی دەوری ئەوان لە سازکردنی داعش و تێروری ئیسلامی لە قاو ئەدات . ئەو هەڕەشەی ئەردۆغان کاری خۆی کرد و ئامریکایی یەل کپ بوون و بێ دەنگەیان لێ کرد . ئەو بەزمەش ڕاستەوخۆ ئانکو ناڕاستەوخۆ پێوەندی بە بەرنامەیەکی نهێنی هاوبەشی ناتۆ و سی ئای ئەی (CIA) و تورکیە و ژمارەیەکی دیکە لە وڵاتانی ناوچەیی وەکو ئۆردونەوە هەبوو کە بە بەرنامەی گلادیۆ ب (Gladio B) ناو نرابوو . ئیسلامیەیەل تورکیە بە ئەردۆغان و مەلا گولەنەوە و وڵاتەکەیان تورکیە ، یاریکەرێکی هەرە گرینگ و کارای ئەو بەرنامە بوو و پەروەردەکردنی ڕەشەکوژی ئیسلامی و تەیارکردنیان و ڕێکخستنیان و کاراکردنیان لە ئافریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندی هەتا ئەگاتە تورکستانی چین ، لە تورکیە و لە ژێر سەرکردایەتی ئامریکا و ناتۆ و بەشداری چالاکی گولەنچی و ئەردۆغانچیەکانی تورکیەوە بەڕیوە ئەچوو . دەوری ئیسلامی یەل تورکیە لەو بەزمە نهێنی یە دە بەتەنێ بە داعشەوە تواو نابێت بەڵکو لە ئاستێکی فرە بەرفراوان تەرتەری جیهانی و گۆڕ ستراتیژی بەرنامەی گلادیۆ ب دیاری کرابوو وبەڕێوە ئەچوو . لەم سۆنگەوە ئەشی ئەو چەند بەباشی بێتە

زانین کە دەستی ئیسلامی تورکیە ( دەوڵەتی وەک تاقمی ئەردۆغان و پارت و دەوڵەتەکەی و گولەن و گولەنچیەکان مینا دەوڵەتی سێبەر ئانکو تارمایی ) لە سازکردن و ئالیکاری داعش و کارئاسانی لۆیان ، پارەک بوو ژ بەرنامەیەکی گەلێ بەرفرەتەر و قووڵ تەری هاوبەشی ترکان و ناتۆ و سی ئای ئەی ئامریکا و دەزگا سیخۆریەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی . ئەم خالەش لە تێکڕای شرۆڤەکاریی نووسەر و ئاکادیمیسین یەل ڕۆژئاوایی دیار نیە و یاسای نهێنی کاریی و پاراستنی نهێنی دەوڵەتی بواری ئەوەیان ناداتێ کە تەنانەت ، کوردەکەۆ ماچۆ بە سووسەش ئاماژەی پێ بکەن . با ئیدی گەنگەشە و شرۆڤەکردنی بوەستێ .



ASIA PACIFIC

**Turks Are Held in Plot to Help Uighurs Leave China**

By EDWARD WONG JAN. 14, 2015

BEIJING — The police in Shanghai have arrested 10 Turkish citizens and two Chinese citizens and accused them of providing altered Turkish passports to terrorist suspects from the western region of Xinjiang, a state-run newspaper reported on Wednesday.

The people trying to use the passports — nine ethnic Uighurs trying to leave China illegally through a Shanghai airport — are also under arrest, according to the newspaper, Global Times.

All of the suspects were detained in November and formally charged recently, the report said. It added that the nine Uighurs were planning to go to Afghanistan, Pakistan and Syria after leaving China. Audio and video materials with content related to terrorism were found on those trying to leave, the report said.

**بەڵگە هەواڵێک ژ دەوری ئیسلامی تورکیە لە سازکردنی تێروری ئیسلامی ( لە چین )**

# پاشخانی هزریی کوردیی چەواشەکراوی ڕەوتی گوڵەنچیەکان

شکانی ئیمپراتووری عوسمانلی لە شەڕی یەکەمی جیهانی بوویەرەک گەلەک گاریگەر و گرینگ بوو کە ڕوخساری سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهان و نەمازە خاک و گەل و نەتەوەیەل ژێر دەسەڵاتی عوسمانی یەلی بە تەواوەتی گۆڕی . فرەیەک لێکدانەوە و ڕا و بۆچوونی جیاجیا و تەبا و ناتەبا و ڕاست و دروست و ناڕاست  لە مەڕ ئەم گۆڕانکاریە مێژوویی یە و هۆکارەکانی هاتنە گۆڕێ . لەناو ئەو هەمکە هزرانەدا ، هزری مرۆڤێکی کوردی خەڵکی گوندی نوورسی ( نوورچەشمە ) دەڤەری بتلیس ، سەعید نوورسی ، بەدیعولزەمان (١٨٧٧-١٩٦٠) ، لێگرە مەبەستە پەی گەنگەشەی مژارەکە . سەعید نوورسی وەکی بیرمەند و سۆفیێکی پێرەوی ڕێبازی نەقشبەندی مەولانا خالیدی شارەزووری گەهشتبوە ئەو پڕوایە کە هۆکاری سەرکی زاڵ بوونی ڕۆژئاوا بە سەر تێکڕای ڕۆژهەڵاتی موسڵمان دا زانستە و زانستی سروشتی و تێکنۆلۆژیایی تازەبابەت وەک بەرهەمی زانست ، داهاتووی مرۆڤایەتی و چارەنووسی دیاری ئەکات و تاکە یەک ڕێگە کە مابێتەوە لۆ خەڵکی دەرەوەی ڕۆژئاوا ، ئەوەیە کە پەو بەو زانستە بدەن و فێری ببن . نوورسی جیهانی بوون و بوونەوەر و گەردوون و سروشتی وەک بەڵگەی ئافراندن ئەبینی و زانستیشی بە ئامرازی پشکنینی نهێنیەکانی گەردوون لە لایەن مرۆڤەوە ئەزانی . ڤر دە دکارین بە دڵنیایەوە بووشین کە تێگەیشتنی سەعید نوورسی کورد لە زانست، درێژەی هزری مەلای جەزیری و فەقێ تەیرانە کە مە دەبابەتێک بە ناوی " پاشخان و بنەمای زانستی و دێرینی جەژن یەلی کوردەواری ، چەژنی خاوەنکاری کاکەیی – یاری ، جەژنی ڕۆژووی ئیزدایەتی ، جەژنی کریسمەس  و پاشخانی مێژوویی هاوبەشیان " ئاماژە وەپی کردمان.



**سەعید نوورسی ، بەدیعولزەمان**


نوورسی " نەزانی و هەژاری و ناتەبایی ( نایەکگرتوویی) " وەک سێ دوژمنی سەرەکی مرۆڤایەتی بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە دەس نیشان کرد و ئەوەشی وەک ئەرک لۆ مرۆڤایەتی دانا کە وێکرا و بە هەڤرا ڕووبەڕوویان ببنەوە . رێکاری نوورسی ڕێکاری تەڤ بوونی مرۆیایەتی بوو کە لۆ خەڵکی موسڵمانی دیاری کرد و وای دانابوو کە بەمەش ببنە پارەک جە جیهانی مودەڕن و تازەبابەت . ئەوەی کە بە ڕاستی شیاوی ڕامانە ئەوەسە کە بیر و هزری سەعید نوورسی بە تەواوەتی لە سەر مرۆڤایەتی بە گشتی لەنگەری گرتبوو و بواری بە دوژمنایەتی کردنی ڕۆژئاوا و دژبەری نێوان مرۆڤایەتی و بە تایبەت تورکچیەتی کردن و تەنانەت کوردێنی ژی نە ئەدا . سەعید نوورسی لە سەر ڕێچکا جەزیری و خانی ، بەربەست و کۆسپی ئایینی و ئیسلامی تێپەڕاند و بە گوێرەی ڕێبازی سۆفیگەری مەلانا خالید گەیشتبووە ئاستی هەرە بەرزی مرۆڤایەتی و مرۆڤ بوون ئەڕای گرینگتەرتەر بوو جە هەر تشتەک دن . دژ بەم ڕاستیە ئەبینرێ کە هەول و هەڵپەیەکی فرە ژ ئالێن مرۆڤێن ئایینی نەزان و کولکە مەلا و پێرەوەکانیان دەکاردایە کو دەخازن لایەنی بەرزی مرۆڤانەی

نوورسی کوێر بکەنەوە و دەسکەوتە هزری یە بەرزەکەی ببەستنەوە بە ئیسلامی سیاسی هەنووکەیی کە دژ و ناتەبایە وەگەرد رەوتی گەشەی مێژوویی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

سەعید نوورسی وەک سەربازی عوسمانلی بەشداری شەڕی یەکەمی کرد و لەلایەن سپای عرووسەوە بە دیل ئەگێرێت و پاشان هەلێ لۆ ڕێك ئەکەفێ و لە گرتووخانەی عرووسان هەڵ تێت ( لەوانەیە کە هەرای بۆلشڤیک یەل و بەزمی کمۆنیستی ڕووس ئەو دەرەتانی لۆ ڕەخساندبێ ) . پاشان بە هیوای خستنە گەڕی بیر و هزرەکەی ڕوو دەکاتە پێری کەماڵیستەکان و هەر لە یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی وەگەرد مستەفا کەماڵ و دار و دەستەکەی لێیان دائەپڕی و لێیان هیواپڕاو ئەبێ. لە درێژە هەوڵەکانی ، نوورسی دووجار داوا لە دەسەڵاتی کەماڵیستی ئەکات کە بواری پێ بدەن داکو زانینگەهەک ژ باژێرێ وان پەی پەروەردەی زانستی دابمەزرێنێ کە بۆی نەچووە سەر و کەماڵیزم دژی وەستایەوە . زانیاری ئەوەش هەس کە نوورسی ئەم هەوڵەی لە سەردەمی عوسمانلی دا ژی دابێ . سەرەڕای سەرنەکەفتنی لەم بوارەدا ، بیری دامەزراندی مەکۆیەکی زانستی ژ باژێرێ وان بە تەنێ ، ئاکار و تایبەتمەندی کەسایەتی سەعید نوورسی خویا ئەکاتن کا چاڤا ئەو دە بەندێ پێشکەتن و بەر بەپێشڤە چوونی کۆمەڵگاکەی دا بووە . ئەم ئاکارەی نوورسی ژی دەچێتە خانەی خەباتی ئەو کەسایەتی دەگمەنەی کورد لە دژی یەکێک لە دوژمنانی مرۆڤایەتی واتە نەزانی وەکو کو بۆ خوە دەس نیشان کربوو . هەر لەم پێکیەش ، هزری نوورسی مشووری خەبات لە دژی ئیک دن جە دوژمنێن مرۆڤایەتی واتە ناتەبایی ئەخوارد و وەکی ئاماژە پێ هاتە کرن ئەو مرۆڤ و مرۆڤایەتی مینا یەکیەکی سروشتی و ئورگانیک دەدیت . ئالیێ خەبات لە دژی هەژاری با نوورسی گەلەک خویا نینە و دەبێ کو چ ڕیگایەک لە بەردمیا کراوە نەبوویێت و دای نابێ لۆ کاتێک کە خەباتی دژە نەزانی و دژە ناتەبایی سەرکەفتی بێتن و بە وی ئاڤا خەباتی دژە هەژای ژی بێتە ئاکام و سەرکەفتن و بەم شێوەیە سەرچاوەی هەژاری لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بنەبڕ بکات . ئیرۆ ئەمێ پڕ باش ئو خوەش دەزانین ئو دەبینین کو تێکنۆلۆژیای تازەبابەتی بەرهەمی زانست ، کاراترین و بە پرشت ترین ئامرازی بەرهەم هێنانی ئافراندوە و لە کێشی دایە هەژاری مرۆڤی ئەم

سەردەمە نەهێڵێ ، بەتەواوەتی . ئا ئەمەیچ دەق ئەو مژارەیە کە سەعید نوورسی داکۆکی وەلێ ئەکرد و وەک لایەنێکی ناسراوی فێرگەی نوور هاتگەسە زانین و ناسین .

خاڵی گرینگ و شایانی ڕامان ئەوەسە کە ئەمێ بزانبین کو گرسان و هەڵدانی هزری سەعید نوورسی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵگا و فەرهەنگی کوردیەوە هەس و ناکرێ وەک بەرهەمی کۆمەڵگای عوسمانلی و دواتریش ئی دە کۆمەڵگای کەماڵیستی تورکیە بێتە ناسین و خەملاندن ، بە تایبەت کو کاماڵیزم نەیار و دوژمنی ڕاستەوخۆ و زانراوی فێرگەی نوور ( وەکی کو تێت بەناو کرن) بوو . دوای مردنی سەعید نوورسی کەماڵیستەکان گۆڕەکەیان شێواند و تەرمەکەیان بۆ گواستەوە بۆ شوێنێکی نادیار و نەزانراو وەک لەو وێنانەی خوارەوە دەرئەکەوێ.




**گۆڕی چۆڵ کراوی سەعید نوورچەشمە ، بەدیعولزەمان**

ئەوەش ماوەتەوە لۆ ئاکادیمیای کوردی ، گەر سەری بپەرژێ و بە گرینگی بزانێ ، کە لە کۆی بەرهەمەکانی سەعید نوورسی بکۆڵیتەوە پەی فرەتەر ناسینی کورد و ڕەوتی گەشەی بیر و هزری کوردانە .

ئەوەی کە لە بیر و هزری سەعید نوورسی جە هەمو شتێکی دیکە خڕ باڵکێش تەرتەرە مژاری ناتەبایی ناوبەرا مرۆڤایەتیە . تێکڕای نەهامەتی و نەگبەتی و کارەساتی مرۆڤ بە درێژایی مێژووە بە

خوێن و ئازار نەخشاوەکەی لە ناتەبایی یەوە سەرچاوەی گرتوە و سەرچاوە ئەگرێ . بیرۆکەی ئایینی بەناو برایمی ، جوولەکە و کریستیان و نەخاسما ئیسلام ئافرێنەری ناتەبایی قووڵ لە مێژووی مرۆڤایەتی یە و لایەنی درۆزنانە و ساختەی یەزدانی و خودایی یان دایە ناشیرینترین و دزێوترین ئاکاری مرۆڤانەی مرۆڤی چاوچنۆک و نەزان و بە زەبری شیر و تیر پریان بە سەر خەڵکا . گۆر ئەم ساختەکاری یە ، مرۆڤایەتی بوو بە دوو بەشی ئەوانی خواناس و خاوەن پروا و بژاردەی خوا و ئێمەی خوانەناس و لادەر و بەمەش ناتەبایی خێڵەکی کەونئارا هەڵی دا بۆ ئاستێکی هەرە بەرزتر و بەرفراوانتر . ئەوەندە ڕێکاری چارەسەرکردنی ناتەبایی خێڵەکی و ئاشت بوونەوە لە ڕێگەی ژن و ژنخوازی کە دکار دەهێنرا ، بە ئایینە درۆزنانەکان کوێرەوە بوو ژبەر کو هیچ ڕێکارێکی ئاستیخوازانە لە نێوان بە ناو خواناس و خوانەناس دا لە ئارادا نیە . سەرهەڵدانی نەتەوە و نەتەوەگەری دە سەردەمی نوێ دا ناتەبایی نەتەوەیی وەلێ شین بوو و ناتەبایی ئایینی پێشوو سەرشکێن کرایە ناو نەتەوەکان. کمۆنیزم پەتای ناتەبایی قووڵ تەرتەر کرد و گەیاندیە ئاستی ناوخۆیی نەتەوە و شیرازەی کۆمەڵگای تێک دا . ناتەبایی چینایەتی و تەنانەت ناتەبایی شار و لادێ بەگوێرەی بیرۆکە جەفەنگ ئامێزەکەی مائۆ برینی قووڵی خستە پەیکەری مرۆڤایەتی . گەر ئەمانەش بەس نەبوون ، ئەوەتا زانستە درۆزنانەکەی دەروون ناسی ئیرۆژی ، فرۆیدیزم ، ئاریشەکەی شۆر کردەوە بۆ ناو خێزان و لەو ئاستە دا مرۆڤ و مرۆڤایەتی تووشی پەتای سەردەم کرد . لەم سۆنگەوە دیاری کردنی ناتەبایی وەک دوژمنی مرۆڤایەتی لە لایەن سەعید نوورسی ، با لەئاستی سۆفیگەری و ڕێبازی نەقشبەندیا بێ ژی ، ئەوە ئەسەلمێنێ ئەو مرۆڤە کوردە گەیشبوە ئاستی بەرزی مرۆڤایەتی و تێگەیشتنی قوول جە فێرگەی مەلانا خالید . دەشکرێ کە بووشین کە ماکی ئەم تایبەتمەندیە هزریەی مەولانا خالیدی شارەزووری کوردیە و فەرهەنگی کوردی چاوگەکەیەتی و فرێ بە سەر ئایینی ئیسلام و فەرهەنگی عارەبی یەوە نیە و سەعید نوورسی کورد پوختە و ڕێک و پێکی کردوە ، بەپێچەوانەی خەڵکانی تر کە خۆیان بە شێخ و پیری نەقشبەندی ئەناسێنن و بەو ناوەوە ناتەبایی خێڵەکی و تەنانەت نەتەوەیی ئەتەقێننەوە و ئەگەیننە ئاستی شەڕی ناوخۆیی کە دژی فێرگەی مەلانا خالیدە . مەولانا خالید

یەکەم هەنگاوی لە مەڕ تەبایی ناو کۆمەڵگا هەڵگرت و هەر دوو ڕێبازی قادری و نەقشی وەک یەک ئەبینی و ڕێز و پێزانینی یەکسانی هەبوو ژ بۆ هەرتک لا ، خانەقا و تەکیە چون یەک بوون لە کنی .

سەعید نوورچەشمەسی و بیر و هزرەکەی مینا هەڵدان و گەشەکردنی هزری مەلانا خالید و ڕیبازەکەی ، نەقشەبەندی ، ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنێ کە هزر و ڕیبازەکەی مەلانا خالید بەکردەوە و جە باری هزریی یەوە کێشی ئەوەی هەبوو کە مرۆڤایەتی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە . دیاردەی وێژەی گەشەکردووی کوردی ( هەورامی و سۆرانی ) لە گەرمێن و کوێستانی باشووری کوردستانی گاورە ، جە سێبەر و سایەی فێرگەی نەقشی دا ئاماژەیەکی ڕوونە بە کێشی نکوولی هەڵنەگری ئەو فێرگەیە لە بواری ڕەوشەنبیری و وێژەیی دا بەلانی کەمەوە . ( پێوەندی نالی و دواتریش مەحوی بە فێرگەی مەولانا خالید مژارێکی باشی ڤەکۆلین و شرۆڤەکرنە لەبۆ خوێندکارانی وێژەی کوردی ) ئەم ڕاستیەش برین و داخ و کەسەری ئەو دۆخە نالەبارەی سلێمانی بابانەکان ئەکولێنێتەوە کە دەرفەتی گەشەکردنی بە مەولانا خالیدی شارەزووری و هزرەکەی نەدا و لە کورد و کوردستانیان تاراند . گومان لەوەدا نیە کە گەر مەولانا خالید لە ناو جەرگەی کوردەواری دا بمابا و هزرەکەی گەشەی کردبا و بکاربا کو کەڤنە برینی ناتەبایی ناوبەرا مرۆڤایەتی سارێژ بکاتن ، ئەوە ئیتر دەسکەفتەکەی ئەڕای مەردم کورد بە گشتی فرە لە دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی کورد گاورەتەرتەر ئەبوو.

سەلاحەدین ( یۆسفی کوری ئەیوبی کوری شادی ) وێنەیەکی مێژوویی هەرە دیاری ئەوان تایبەتمەندی فەرهەنگی کوردە کە سەرەرای شکانی فرانکەکەن ( بەناو خاچ پەرەستان ) و دواتریش شکانی ریچاردی شێردڵی پاشای ئینگلیزیان و تەفرو وتوونا بوونی سپا زەبەلاحەکەی باربارا رۆزای ئاڵمانی ، دەزگای برایەتی و تەبایی لە نێوان رۆژئاوا و ڕۆژهەڵات وەکی هێما ئەرای ئیسلام و کریستیان ئاوەڵا کرد و گەیاندیە ئەو ئاستەی کە ڕێچاردی شێردڵ وەک باوکی خۆی داوای بەشە کۆرانەی لە سەلاحەدین ئەکرد و تەنانەت ویستی جوانای خۆشکی لە عادڵی برای سەلاحەدین مارە بکات و خزم و خزمایەتی خوینی لە نێوان کریستیان و ئیسلام ؛ رۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتا پێک بێنێ ،

جه سەر ڕێچکا ئەسکەندەری ماکدونی ئا گاورە کو ئەڤ ژی ژن و ژنخوازی و زەماوەندی رۆأئاوا و ڕۆژهەڵاتی سەردەمی خۆی ڕێك خست . مەولانا خالید و پێرەوە ڕاستەقینەکانی وێنەی دواتری هەمان ئاکار و تایبەتمەندی سەلاحەدینی کوردن و ئەم ئاکارەش هەیا نها ژی درێژەی هەس بە ئاکار و تایبەتمەندی هەنووکەیی یەوە ، ئەوەندی کە ئاسەواری ماوە جە ناوبەرا مەردم کورد و فەرهەنگەکەیان . گۆر مێژووی شەڕی بەناو خاچ پەرەستان ، ژمارەیەک نەناس لە ناکاو لە گۆندێکی ئەو کاتی فەرانسە قوت بوونەوە و هێدی هێدی بنەیان داکوتا و دواتر بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ ئۆرشلیم و دەس خستنەوەی ئەو ناوەندە لۆ کریستانەکانیان هێنایە ئاراوە و ئاخرەکەشی هێرش و شەڕەکەیان دەس پێکرد . هۆڤانەتی ئەو تاقمە لە گرتنی ئۆرشلیم دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و کوردەکەو ماچۆ تووی موسڵمان و جوولەکەیان لەو شارە پری و مزگەوتەکەی عومەریان کە لە سەر بناغە و پاشماوەی پەرەستگای جوولەکەکان سازکرابوو ، کردە گەوڕ و گەلەخانی ئەسپ و وڵاخەکانیان . دە هەمبەر ئەو هۆڤانەتیە دا ، سەلاحەدین لە گرتنی ئۆرشلیم دا ئاکاری مرۆڤانە ، ئەکرێ بووشین کوردی ، خۆی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی و درگای تەبایی لۆ هەمووان ئاوەڵا کرد و بواری بە هەموان دا کە جوور پړوای ئایینیان بچنە ئۆرشلیم و نوێژ و نزای خۆیان بکەن .  ئەمە و تێکڕای هەڵس و کەوتی بەرزی مرۆڤانە و کوردانە ، سەلاحەدینی بۆ ئاستی بەرزی مرۆڤایەتی هەڵدا جە ناو زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکانەی ناویان بیستوە و ئەی بیستن ، کوردیش بۆ خۆی لە پاش هەموو خەڵکی جیهانەوەیە لە ناسینی ئیک ژ مێرخاس و لەهەنگێ هەرە بەرزی خۆی .

=======================

هەموو لێکۆلەر و شرۆڤەکاری ڕەوتی گولەنچی کە بە ڕەوتی خزمەت ژی تێتە ناسین ، ئامژە بەو ڕاستیە ئەکەن کە مەلا فەتحوڵا لە سەردەمی سوختیەیی و فەقێیەتی دا ژ فێرگەی نووری سەعید نوورسی خوێندویەتی و لە ژێر کارتێکردنی ڕاستەوخۆی ئەو فێرگە هزری یە دا بووگە . سەرەڕای پێوەندی ڕاستەوخۆی مەلا گولەن بە فێرگە و هزری نوورسی ، لەم دواییانە و پاش ئەوەی کە ڕەوتە مافیا ئاساکەی هەڵی دا لۆ ئاستێکی جیهانی ، مەلای گۆرین خۆی لەوە لەبانتر ئەزانی کە پێ لەو

ڕاستیە بنێت . لێ هەموو توێژەرەکان بە گشتی پێ لە سەر ئەوە دائەگرن کە گوایە مەلا گولەن لە سەر هزری نوورسی هەڵی چنیوە . ئەوەی لێگرە مەبەستە ئەوەسە کە پشت بە بیرۆکەی گولەن ئەوڕاستیە خویا بێتن کو جەنابی مەلا گولەن گیانی نوورسی کوشتوە و لە ئاستی بەرزی مرۆڤانەوە دای بەزاندوتە سەر سەلوێنکی مافیایی و درۆ و ساختە وخاپاندن و تورکچیەتی و کەماڵیزم و پان ئیسلامیزمی باوی عوسمانلی سووراو و سپیاو کراوی ئیرۆژی .

مەلا گولەن پەرتووکێکی نووسیوە و ناوی " پەیامبەر محەمەد وەک فەرماندەیەک "ی لێ ناوە کە دەق ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی داعشی و ڕەشەکوژانی ئیسلامیە . مەلا بەم کارەی محەمەدی لە ئاستی پێغەمبەری خوا ( وەک بە تۆپزی بە سەر خەڵکیان دا سەپاندوە ) دائەبەزێنێتە سەر ئاستی فەرماندەیەکی وەک چەنگیز و تەیموورە شەلە و ئی دن . ئەمەش ئەچێتە ناو بازنەی بیرۆکەی شەڕی ( جیهادی ) ئیسلامی و دابەش کردنی مرۆڤایەتی بە دۆست و دوژمن (تەبەڕا و تەوەلا – دارولحەرب و دارولسەلام ) و دەق دژی هزری نوورسی لەمەڕ ناتەبایی ناوبەرا مرۆڤایەتی وەکی ئێک ژ دوژمنێن مرۆڤایەتی یە . مەلا گولەن لەو پەرتووکە دانسقەی دا دەبێژی کو : " ... موسڵمانی بە پروا ئەشێ هەروەها خۆی بە پێشکەوتووترین چەک و چۆڵە تەیار بکات ... ئەشێ فرە فرەتر لە کافریەل لە زانست و تێکنۆلۆژیا لە پێشتر بن بە جۆرێك کە نەهێڵن کافریەل هیز بەکار بهێنن ئەڕای بەرژەوەندی خۆپەرەستانەیان" . مەلا گولەن و بیرۆکەی جیهاد و کافر و موسڵمان و زانست و تێکنۆلۆژیاکەی لەکوێ و سەعید نوور چەشمەسی لە کوێ . ئا ئەمەیە تورکاندنی بیر و هزرێکی بەرزی مرۆڤانە و چەواشەکاریی خۆجەئەفەندی ترکان . گەر ئەمە بەس نەبوو ئەڕای بیرۆکەی داعشی مەلا گولەن ، ئەوەتا جەنابی لە نووسراوەیەکی دیکە دا " چاخ و نەسڵ – چاخ و جێل " دا ئەو بیرە بۆگەنە ئەدا بە گوێی دواکەوتووانی کە " هەتا ڕۆژی هەڵسانەوە ( قیامەت ) ڕۆژئاوایی یەکان دێ ئاکاری مرۆڤانە لە خۆیانەوە نیشان نادەن " و ئاورووپا بە مڵە و کەڵە و خۆرە ئەناسێنێ . ئیدی گۆر مەلا گولەن و بیرۆکەی دژە مرۆڤانەی ، تەبایی ناوبەرا مرۆڤایەتی وەک ئێک ژ ئارمانجا هەری گرینگ ئا نوورچەشمەسی چاڤا چێ دەبە . لە هەمان پەرتووکی دا مەلا گولەن لۆ خوێندکارانی

مەدرەسەکانی دیاری ئەکات کە ئەشێ ۳ کاتژێر لە شەو و ڕۆژا بنون و ۲ کاتژێر ژی دابنێن ئەڕای پێداویستەکانی دیکە و ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەشێ بە تەواوەتی تەرخان بکەن بۆ " خزمەت " . ئاوەها ڕژێمێکی نامرۆڤانە تەنانەت دە ناو ڕێکخراوە مافیایی یەل و لە سەربازگەی فاشیستەکانیچ دا بەڕێوە نەچووە و ناچێت . وادیارە کە مەلا گولەن بە تەمایە شیرەی گیانی مرۆڤەیەل بەر دەستی هەتا دوا چۆڕ بمژێ . بە گوێرەی زانیاری لە سەر مەلا گولەن ئەو مەلایە بێجگە لە سەرفیترە و زەکات و دزی و فزی شەرعی ، لە ١٠٪ هەتا ٤٠٪ داهاتی گولەنچیەکان بۆ خۆی و رەوتە مافیایی یەکەی ئەگێرێتەوە و بەو داهاتەش کوشک و تەلارەکەی لە ئامریکا ئەڕازێنێتەوە . سەیری کوشکەکەی مەلا گولەن بکە و بزانە کە چۆن مەلا لە سەرفیترە و زەکات و بەرات ئەو ژیانەی لۆ خۆی لە ئامریکا پێکەوە ناوە . داهاتی ساڵانەی مەلا گولەن دیار نیە و هیچ حساب و کتێبێکی ئەوتوی نیە کە بە ئاشکرا زانیاری بە دەستەوە بدات . لێ داهاتی ئەم مافیا ئایینیەی تورکیە لەوانەیە کە خۆی لە داهاتی مۆرمۆن و یارانی یەهۆڤا نزیک بکاتەوە کە دەوری ٥-٦ میلیارد دولارە . ئەم داهاتەی پیاوانی مافیایی ئایینی جە ئاستی بانکە زەبەلاحەکانی ڕۆژئاوایە و ئەوە ئەسەلمێنێ کە ئەم مافیایە ئایینیانە ڕێکاریکی باشتر و بە پرشتریان لە پارەپەرەستان و سووخۆرانی سەرمایەداری بینیوەتەوە .



کۆشک و تەلارەکەی مەلا گولەن لە چیاکانی پۆکۆنۆس لە ئامریکا



ناوەندێکی تورکی لە هۆستۆن

ئارمانجا دژە مرۆیی ڕێکاری نامرۆڤانە دخازێ و بە پێچەوانەشەوە ئارمانجی مرۆڤانە پێویستی بە ڕێکاری نامرۆڤانەوە نیە . مەلا گولەن ئامۆژگاری خەڵکە چەواشەکراوەکەی ئەکات و ئووشت کە " ئەنگۆ ئەبێ بخزنە ناو ڕەگ و ڕیشەی سیستمەوە بەبێ ئەوەی کەس تەنانەت هەست به بوونتان بکات تا ئەو کاتەی کە دەگەنە ناوەندی دەسەڵات ، تاوەکو هەل و مەرجی لەبار پێ دەگات . گەر ئێوە بە نەوەکامی شتێک بکەن ئەوان سەرتان پان ئەکەنەوە . ئەنگۆ ئەشی چاوەڕوان بن هەتا ئەو کاتەی کە هەموو دەسەلاتی دەولەتان هەبێ . تا ئەو کاتە هەر هەنگاوێک هەڵ بگیرێت پێش وەختە ئەبێت . دەق وەک هێلکە ئەبێ ٤٠ رۆژان چاوەڕانی بکەن هەتا جووجکە هەڵ دێ " . لێرە دا جەنابی گولەن ئارمانجی دەس خستنی دەسەڵاتی دەوڵەتی دەس نیشان ئەکات و ئەوەندەشی لە بارا نیە کە وەک ڕەوتێکی زەقی سیاسی بە هەر ئایدتۆلۆژیێکەوە ، ئیسلامی سیاسی ژی وەگەردی بووت ، بێتە مەیدانەوە و خۆی و ئادیۆلۆژی یە سیاسی و ئایینی یەکەی تاقی بکاتەوە . بە پێچەوانەوە گولەن خەڵکەکەی فێری ئەوە ئەکاتن کە بە فێل و ڕێکاری فسۆسی دزە بکەن ناو دام و دەزگا و دەسەڵاتی سیاسی و خۆیان مڵاس بدەن هەتا کاتیان دێت ئەو جار مریشکی کڕکەوتووی گولەن و گولەنچیەکان جووجکەیان لۆ هەڵ بێنێ . لەورا ، لە خوە رە و لە خۆرایی نیە کە دانی ڕۆدریک Dani) (Rodrikپرۆفسۆری نێونەتەوەیی ئابووری سیاسی جە زانکۆی هاروادی ئامریکایی دەبێژێ کو " رەوتی ( گولەن - خزمەت ) هەتا بیناقاقای لە فێڵ و فەرەجی گڵاوەوە گلاوە . زەمان ( ڕۆژنامەی گولەنجێەکان کە ئەردۆغان لەم دواییانە دا دای خست ) بە گێرانەی ناڕاست و چەواشەکارانە و دەسکاری کراوەوە پشتی ئەم مافیایە ئەگرێت . "




**کاریکاتوری ڕێکاری میدیای گولەنی لە ناساندنی خۆجەئەفەندیەکەیان**

## تەون و ڕایەڵەی مافیایی خۆجەئەفەندی ، مەلا فەتحوڵا گولەن

وەکی ئاماژە وەپی کریا ساڵی ١٩٤٥ خاڵی وەرچەرخان جە مێژووی بزاڤ و سەرهەڵدانەوەی ئیسلامی لە تورکیە بوو و سازکردنی پارتی دێمۆکڕات بە سەرکردایەتی عەدنان مەندەرەس دەرگای چالاکی سیاسی لۆ ئیسلامیەکایش ئاوەلا کرد . پێش ئەم کاتە و لە سەرەتای زاڵ بوونی کەماڵیزم و سازکردنی کۆماری تورکی تەنیا ڕەوتی ئایینی نوور و فێرگەی نووری سەعید نوورچەشمەسی بە نهێنی ئانکو نیمچە نهێنی و لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک دا ئەجووڵایەوە . پاش عەدنان مەندەرەس و پارتی دێمۆکڕان سەرەی نەجمەدین ئەربەکان و سازکردنی " میللی نیزام پارتسی - Milli Nizam) (Partisi و دەسپێکی دەوری کارا و کاریگەر و دوور و درێژی ئەربەکان هات .

ئیسلامیەکان ژی تێکەڵی گەمە و بەزمی سیاسی تورکیە و یاسای چەسپاوی کەماڵیستی لە مەر ئازادی چالاکیی سیاسی لە چوارچێوەی دیاریکراوی کەماڵیستی بوون . یاسای بنەڕەتی ئەو

دەسەڵاتە ئەدات بە داگای تایبەتی یاسای بنەڕەتی کە پارت و دەستەی سیاسی و سەرۆک وەزیر و سەرۆک کۆمار و ئەندامی پارلمان و هتد بە نایاسایی ڕابگەیێنێ و بواری چالاکیان لێ بپرێ و لە سیاسەت دووریان بخاتەوە ، لە ئەگەری کۆک و جووت نەبوونیان وەگەرد یاسای بنەڕەتی کەماڵیستی . ئەم مەرجە کەماڵیستی یە بوە هۆی ئەوە کە پارتە ئیسلامیەکان چەند جارێک هەڵ بوەشێنرێنەوە . ئەمەش وای کرد کە پارتەکەی ئەربەکان خۆی بگۆرێ بۆ پارتێکی نوێ " میللی سەلامەت پارتیسی – Milli Selamet Partisi " . هەر لەم پێکیەش پارتی رەفاه و فەزیلە و پارتی سەعادەت هاتنە ئاراوە . ئەردۆغان و پارتەکەی – ئاک پارتی ، دوائاکامی ئەم بەزمە سیاسیەی ئیسلامی سیاسی تورکیەیە کە گەیشتە لووتکەی خۆی و دەسەڵاتی سیاسی تورکیەی تاپۆ کرد لۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ، بەوەی کە ئەردۆغان و پارتەکەی ئاکاری دژە ڕۆژئاوایی ئەربەکانی وەلا نا کە کۆسپ و بەرگری سەرەکی لە سەر رێگای ئەربەکان و ڕێبازە ئیسلامیەکەی دا بوو . ئەم وەرسوورانەی ئەردۆغان لە بیرۆکەی دژە ڕۆژئاوایی و دژە ئیسرائیلی ئەربەکان بەرگی کەماڵیستی کۆن بوو کە ڕێگای ئەڕای هەڵدانی ئاک پارتی خوەش کرد و سیما و هێمای ئیسلامێکی نەرم و ڕووله ڕۆژئاوای دا بە ئەردۆغانچیەیەل و گولەنچیەکانی هاوهاوی ئەو کاتەیان . ئەمەش ئەو ئیسلامی کەماڵیستی تازەبابەتەیە کە پێشتر گەنگەشە کرا . مێژووی ئەم ڕەوتە ئیسلامیە ژ تورکیە بە گشتی تۆمار کریاگە بە هەموو وردەکاریەکانیەوە و زانیاریەکانی لە بەر دەست دایە .

بە بەراوەرد وەگەرد ئەو رەوتە ، مەلا فەتحوڵا گولەن و بە ناو ڕەتەکەی ، ڕەوتی خزمەت ، و " جەماعەت "ەکەی مەتەڵێکی کوێری سیاسی ئیسلامیە کە جێگەی لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی تورکیە دا نیە و شتێکی ئەوتۆی لێ تۆمار نەکراوە و بە زۆری وەک نهێنی مافیایی ماوەتەوە . مەلا گولەن دەوری ٨ ملیۆن کەس پێرەوی هەس بە گوێرەی مەزەندە . هەر بە مەزەندە خاوەنی دەوری ٥٠-٦٠ میلیارد دۆلار سامانە و ١٠٠٠ بۆ ١٥٠٠ مەدرەسەی بە پانتایی هەموو جیهان بە باشووری کوردستانیشەوە بەڕیوە ئەبات . دەیان دەزگای وەشان و چاپخانە و تەلەڤیزیۆن و بانکی ئاسیا و سازیی ئابووری و بازرگانیی توسکۆن و دەیان سازی نێونەتەوەیی ئایینی و نائایینی و ژمارەیەک

زانکۆ و زانستگە لە تورکیە و دەرەوەی تورکیە بە تایبەتی لە ئامریکا و ئافریکا ، ڕایەڵەی بەربڵاو و جیهانی گولەن و گولەنچیەکان پێک دێنن . ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەسە کە ئەو ڕایەڵە پان و بەرینە فرە بە وردی و کارامەیی ڕێکخراوە . کەچی ڕەوتی گولەنچی نە ناوی هەیە و نە ناونیاشان و نە ناوەند و بارەگا و هەمووشتێکی بە مەزەندە باس ئەکرێتن . هیچ کام لەو هەمکە سازی و ڕێکخراوە و زانکۆ و نەخۆشخانە و مەدرەسانە هێمای گولەن و گولەنچیەتی پێوە نیە . ئەم شێوازە لە ڕێکخستنی کار و باری بازرگانی و سیاسی بە شێوازی مافیایی ئەناسرێ و دزەکردن و فسۆسی وەک مەلا گولەن دیاری ئەکات ، ڕێکاریابە .

گولەنچیەکان گوایە فرە مشووری فرمانی پەروەردە ئەخۆن و لە هەر شوێنێک کە لۆیان لواوە مەدرەسەی تایبەتی خۆیان دامەزراندوە . ئەمەش تەنیا بە تورکیە و ناوخۆی وڵاتەکەیانەوە نەوەستاوە بەڵکو لە ئامریکا و ئاورووپا و ئافریکا و ڕۆژهەڵات و ژاپۆن و مەکزیک و ئاسیای ناوەراست و ئیتر کوردەکەو ماچۆ هەر خوا بۆ خۆی ئەزانێ لە کوێی تر ، ڕایەڵەی مافیایی گولەنچیەکان تەنراوە . سروشتی مافیایی گولەنچیەکان ڕێگە لە دەس خستنی زانیاری لە کاروباریان لە زۆربەی وڵاتان بە تورکیەشەوە ئەگری . لێ لە ئامریکا بە هۆی وریایی و مشوورخۆری ژمارەیەکی باش لە خەڵکەکەی و هەروسا ژی ناکۆکی و ململانێی سیاسی ناوخۆیی ، پرە زانیارییێکی باش لە سەر چۆنیەتی کار وفرمانی مافیایی گولەنچیەکان بڵاو بووەتەوە کە ئەکرێ وەکی مینا پەی تێکڕای ڕەوتی گولەنچیەکان بێتە بکار ئانین . گۆر ئەو زانیارانەی لە ئامریکا بڵاو بوونەتەوە ، گولەنچیەکان دەوری ١٥٠ مەدرەسەی گولەنیان دامەزراندوە و ناوی سەیر و سەمەرەی خاپێنەر و شوێن کوێرکەرەوەیان لێ ناون . ساڵانە ٦٠٠ ملیۆن دۆلار لە خەزێنەی گشتی ئامریکا پارە وەرئەگرن . گرێ بەستە ئابووریەکانیان وەگەرد ئەو کۆمپانیانە دەبەستن کە سەر بە گولەنن . مامۆستای تورک لە تورکیە و لە ناو کەسانی گولەنچیەوە نێرنە ئامریکا .




**مەدرەسەیەکی گولەنچی لە ئامریکا**

لە ٢٠٠٩ ماڵپەڕی سەباح سەر بەگولەن وتەی نازلی لیچاک لە دان وسەندن وەگەرد هاورێ گولەنچیەکانی بڵاو کردەوە کە ئارمانجی ئەو تاقمە مافیایی لە دامەزراندنی ئەو مەدرەسانە لە ئامریکا ئاشکرا ئەکات . ئەو گولەنچیە دەیێژێ کو : " گەر بکارین ٦٠٠ مەدرەسە دابمەزرێنین لە ئامریکا و هەر مەدرەسەیەک ساڵانە ٢٠٠ خوێندکاری لێ دەربچێت ئەوە ساڵانە ١٢٠ هەزار هۆگر و لایەنگری تورکیە و دۆزەکەی ئەڕژێتە ناو کۆمەڵگای ئامریکا . ئێمە هەموو ساڵێ هەوڵی ئەوە ئەدەین کە لایەنگریی ئامریکا لە دژی دۆزی کۆمکوژی ئەرمەن بە دەس بهێنین . بەڵام لە ڕێگەی پەروەردەوە ئەتانین ساڵانە هەزاران کەس فێری زمانی تورکی بکەین و فەرهەنگی تورکیان پێ نیشان بدەین و بۆ لای خۆمانیان ڕاکێشین " . بایرام بالجی ئاکادیمی ئێژی کە : مەدرەسەکان هەموویان یەک ئارمانجیان هەیە ، ئەویش پێگەیاندنی خەڵکێکی بژارەدە و نوێ و مودەرنە کە لە کێشی دا بێ کۆمەڵگای موسلمانان مودەرنیزە بکات . لێ مەبەستی سەرەکی گولەن کۆمەڵگای تورکیەیە بە تایبەت نەوەک کۆمەڵگای موسڵمانان بە گشتی و وایان داناوە کە ئەو جیلە زێڕینە کە بەتەمان باری بهێنن تورکیە لۆ ئاستێکی هەر بەرز بەرێ و ئیسلامیش بکەنە ماک و ناوەرۆکی ناسیونالیزمی تورکی و مرۆڤی تورکی دڵخوازیان ببێتە سەرکردەی جیهانیی لە بواری ئابووری و بازرگانی و زانست و دەولەتداری و پیاوی دەوڵەت وەک هێندێک شرۆڤەی ڕۆژئاوایی گەنگەشەی ئەکەن .

ئائەمە دەق و ناوەرۆکی ستراتیژی گولەنچیەکان لە مەڕ پەوەردە و مەدرەسەکانیان لە ئامریکایە . پرسیاری گرینگ لێگرە ئەوە نیە کە مەلایەکی تورکی نەخۆش و چەواشەکار و فێڵەباز مینا گولەن لە سەر شۆپی شوینیزمی تورکی چ ڕێکارێکی پەی ئارمانجی شوینیستانەی خۆی ڕەچاو کردگە ، بەڵکو پرسیار ئەوەسە کە ئەم کابرایە چۆن چۆناهی بۆی چووەتە سەر و بە پارە و سامانی ئامریکایی منداڵی ئەو وڵاتە بۆ مەبەستی تورکچیەتی و ئیسلامچیەتی پەروەدە ئەکات . ئەوەندی کە ئەزانرێ ئەوسە کە مەلا خۆی و ڕێبازە مافیایی یەکەی لە ژێر پەردەی تەبایی ئایینی لە نێوان کریستان و جوولەکە و موسڵمانا حەشار داوە و وا ئەنوێنێ کە جەنابی مەلا گولەن دە خەمی زاڕۆڵەی ناموسڵمانی ئامریکایی دایە و مشووریان ئەخوات .

کار و فرمانی نایاسایی گولەنچیەکان دەزگای ئیف بی ئای (*FBI*) و وەزارەت کار و وەزارەتی پەروەدەی ئامریکایی وەخەبەر هێنا و کەوتنە لێ پرسینەوە و لێ پێچانەوە لە گولەن و گولەنچیەکان و لە ٢٠١٤ دا پۆلیس هەڵی کوتایە سەر ١٩ مەدرەسەی گولەنی لە هەرێمی ئۆهایۆ و ئیلینوا و ئیندیانا . ئیف بی ئای دۆزێکی یاسایی و تاوانکاری گەورە و قەبەداریان لە دژیان ساز کرد . خێڵی کلینتۆن دەفریای گولەن کەوتن و دۆزەکەیان ڕەوانەی دەزگاێکی تایبەتیی هەوالگری نیشتمانی کرد کە دەسەڵاتی لێ پێچانەوە لە دادگای نیە و بەمەش گولەن لە لێپرسینەوەی یاسایی و دادگای ئامریکا ڕزگاری بوو. ئائەمە بەزمی گولەنچیەکان لە ئامریکا بێت ، ئیدی خوێنەر ئەبێ بیر لە بەزمی گولەن لە ئاورووپا و بە تایبەت ئافریکا و ولاتانی وەکی فیلیپین و پاکستان و ئەفغانستان و باشووری کوردستان بکاتەوە کە ڕایەڵەی مافیایی گولەنچی چۆن باز بە سەر هەموو کۆسپ و بەربەستی سیاسی و سەروەری نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو گەل و وڵاتانە ئەدات کە لە سەرتاسەری جیهانا کەوتوونەتە ناو داوی تەون و ڕایەڵەی مافیایی مەلا گولەن .

لە ٢٠٠٨ نیۆیۆرک تایمز لە مەر مەدرەسەکانی گولەن لە پاکستان نووسی کە وانەی ئایینی لەو مەدرەسانە فیر ناکرێ لێ لە شوێنی خەو و حەوانەوە و مالی خویندکاران ئەم کارە ئەکەن . ئەمەش تەنیا پاکستان ناگرێتەوە بەڵکو فێل و ڕیکاری فێڵاوی گشتی مەلا گولەنە لە تێکڕای مەدرەسەکانی

لە سەرتاسەری جیهان پەی شاردنەوەی بەرنامەی نهێنی ئیسلامچیەتی و تورکچیەتی ڕەوتەکەیان لەو خەڵکانەی ئەکەفنە ناو داویان .

خالەک دن ئا گرینگ لە مەڕ مەدرەسەکانی گولەن ئەوەسە کە خەڵک بزانێ کە تێروری ئیسلامی و گشت سازیەکانیان لە گشت وڵاتان ، بە ڕواڵەت چ گرفتێکیان وەگەرد ڕەوتی گولەن نیە ئانکو بە پێچەوانەوە هەتا ئیستا نە گولەن گرفتی لۆ تێروری ئیسلامی چی کریە و نە تێروری ئیسلامی گرفتی ئەڕای گولەنچیەکان و بەرنامەی پەروەردەی ڕۆژئاوایی ئەوان چی کریە . گولەنچیەتی لە سەردەمی تالەبان لە ئەفغانستان لە ساڵانی ٩٠ەوە دەستی پێکردبوو لە زۆربەی شارەکانی ئەو وڵاتە و پەروەردەی ئامریکایی و تێکەڵی کچ و کوڕ لە بن دەستی تاڵەبان دیاردەیەکی دەگمەنە و تاڵەبانی ئەو کات و ئێستاش هەم لە پاکستان و هەمیچ ژ ئەفغانستان وازیان لە گولەنچیەکان هێناوە کە کاری نائیسلامیان ( لە ڕوانگەی ئەلقاعدە و تالەبانەوە )درێژە پێ بدەن . بێ لە تاڵەبان مرۆڤ ئەشی ئەلقاعدە ژی ژ بیر نەکات لە پاکستان و ئەفغانستان . هەر لەم ڕێکیە ، ئەلشەباب لە کینیا و سومال و سودان ؛ هەروەتریش بوکولحەرام لە نیجیریا بەتایبەت کە وەک لە ناوەکەیانەوە دەرئەکەوێ دژی پەروەردەی ڕۆژئاواییین ، چ کاردانەوەێکیان جە هەمبەر رەوتی گولەنچی لەو دەڤەرانە نیشان نەداوە . وادیارە کە مەلا گولەن و ڕەوتەکەی کە گۆڕ پێ لێنانی خۆیان و دەرکەوتەی ڕواڵەتیان، مۆرکی ڕۆژئاوایی و لەمەش خراپتر مۆرکی ئامریکایی ئاشکرایان زانراوە ، لە وەزەن و وەیشوومەی تێروری ئیسلامی بێ وەی مانەتەوە و بە شێویەک لە شێوەکان پارێزراون . ڕەوتی گولەن تاکە ڕەوتێکی ئیسلامی ئامریکایی یە کە بزاڤی ئیسلامی بە چەپ و ڕاستیەوە ؛ بە شێعە و سوننیەوە؛ بە ڕەشەکوژی مەدینەیی و نەرمەیری مەککەیی یەوە بێدەنگەیان لێ کردووە ، تەنانەت مەلای شێعەگەری سەفەویی عەجەمان . ئەو چەند ژی ماوەتەوە کە بزانرێ کە ڕەوتی گولەنچی لە ژێر دەسەڵاتی داعشا تا چەندە کارایە لە گشت بوارەکانی گولەنی وەک پەروەردە و بازرگانی و ئابووری و میدیایی و خێرخوازی و هتد . دەبێ کو ئەم مەتەڵەی هاوژینی گولەن و تێروری ئیسلامی لە

بەرنامەی گلادیۆ ب ەوە سەرچاوەی گرتبێ و درێژەی هەبێ وەک لایەنی شاراوەی پیلانی پیلانگێرانی ئەو بەرنامە دژێوە .

تێکەڵی نائاسایی گولەن بە ماڵباتا کلینتۆن شتێکی زانراوە و هەمووان لێی ئاگادارن ئەو دوو ڤیدیۆ کە لێرەدا دای ئەنێن قووڵایی و ئاستی ئەو تێکەڵی یە ناپیرۆزە ئاشکرا ئەکات .







https://www.youtube.com/watch?v=COQ4u7N2pnM---https://www.youtube.com/watch?v=MPiPOL9-EQs

کەتنی ئاشکرا بوونی ئیمەیڵەکانی هێلێری کلینتۆن کەین و بەینی گولەن و بنەماڵەکەی دەرئەخات . گۆکهان ئۆزکۆک ناوێک کە ئیک ژ گولەنچیە ناسراوەکانە لە ئامریکا ، سەرۆکی ناوەندی فەرهەنگی تورکی و ئەندامی سازی کلیتۆن کە گوایە ٥٠٠٠٠ دولاری دابێتە هێلێری ، داوای لە هوما عابەدین ، سەرۆکی کارگێری هێلێری کلینتۆن ، کردوە کە یارمەتی بدات لۆ پێوەندی وەگەرد ئۆبامای سەرۆک کۆمار بۆ دانیشتنی ئیکمالەدین ئیحسانئۆغڵو لەگەڵ سەرۆک کۆمار ئۆباما . ئەم کابرای ئیحسانئۆغڵۆوەش سەرۆکی گشتی ڕێکخراوی کونفرانسی ئیسلامی بووە و بەوە ناسراوە کە پێشتر هۆگری حەماس و عۆمەر بەشیری سوودان بوویێت . ئەمەش بەڵگەیە کە گولەن ڕاستەوەخۆ پێوەندی بە کلینتۆنەکانەوە هەس . پێوەندی گولەن بە کلینتۆن و جەیمز بەیکر و کۆفی عەنان و ئۆڵبرایت و هتد لایەنێکی ژیانی گولەنچیەکانە و لایەنەکەی دیکە پێوەندی ئەوان بە کەسانی وەک هۆما عابەدینە کە خەڵکی عەرەبستان و لە ناو بازنەی کلینتۆنا لە ئاستی هەرە بالا دا گرساوەتەوە و پێوەندی ئەو بە بنەماڵەی پاشایەتی سعوودی و وەهابی یەل و تەنانەت ئەلقاعدە مژاری گەرمی کۆمەڵگای ئامریکایە . هەر بەم شێوەیە کاپرایەکی وەکی عەبدوڵا عومەر نەزیف کە سەر بە بنەماڵەی پاشایەتی سعوودیە و تێکەڵاوی و پێوەندی ئەویش بە ئەلقاعدە و ئەخوانەکان بە گەرمە دە ئارادایە،

ئەندامی کۆڕی بەڕیوەبەری کالیجی ئیسلامی ئامریکایە کە سەر بە گولەن و گولەنچیەکانە . ئەوان پێوەندی و تێکەڵی دوولایەنەی گولەن بە تێروری ئیسلامی لە لایەک و دە ئالیێ دن بە کەسایەتی سیاسی ڕۆژئاوایی ، لەوانەیە گرێ کوێرەی مەتەڵی هاوژینی گولەن و تێروری ئیسلامی لە ئەفغانستان و نیجیریا و سوودان و کوی و کویێ دن بکاتەوە و تیشک باوێتە سەر دەوری ڕۆژئاوا لە سازکردنی تێروری ئیسلامی لە ڕیگەی مەلا گولەنەوە . دەبێ کو ئەردۆغان ژی بەشدار و ئاگاهدارێ وێ بەزمێ قرێژ بوویێت کە بە بێ سڵ کردنەوە و پارێز گولەن و گولەنچیەکان وەک سازیێکی تێروریستی ئەناسێنێ .

مەلا گولەن تەنیا لە ئاستی مەدرەسەکانی و فێڵی پەروەدەی تورکانەی خەڵکی دیکە واز ناهێنێ بەڵکو پاش دەرچوونیان هەموو کارئاسانی باش و کاریگەریان لۆ پێک دێنێ کە ڕوو لە زانکۆیەل تورکیە بکەن و پرۆسەی تورکاندیان لە ئاستی خویندنی باڵا درێژە پێ ئەدات . هاوتەریب وەگەرد ئەم فێڵەش گولەنچیەکان بەرنامەی گەشت و گوزاری خۆڕایی لۆ زۆرێک لە کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکادیمیایی ناسراو و نەناسراو بۆ تورکیە ڕێک ئەخەن و لە تورکیەش وادەکەن کە گولەنچیەکانی تورکیە درێژە بە تورکاندنی ئەو خەڵکە بدەن وەک ئەرکێکی تەواوکەری گولەنچیەکانی دەرەوەی تورکیە . ئەم سیاسەتە فێڵاویی یە بە زۆری لە ئافریکا و وڵاتانی دەرەوەی ئامریکا و ئاورووپا بەڕێوە ئەچێت . لۆ کوردی باشووریچ ، ئەوە ماوەتەوە بۆ وریایی و لێ زانی خەڵکەکەی و دام و دەزگا یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆژنامەوان و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە بنج و بنەوانی گولەن و گولەنچیەکان بکۆڵنەوە و نیشتمانەکەیان لە پەتای ئەو ڕایەڵە مافیایی بپارێزن . حکومەتی هەریمی کوردستان و دواتریش سەرۆکی هەرێم ڕایان گەیاند ، پآش ئەوەی کە ئەردۆغان لە گولەنچیەکانی هەڵ پێچا ، کە ئەوان چاری مەدرەسەکانی گولەن ئەکەن . لێ ئەوەی کو پێدڤی ئەوەسە کە کورد بزانن کا چاڤا و تا چ ڕادەیەک ڕایەڵەی مافیایی گولەن باشووری کوردستانی تەنیوەتەوە و چەند هەزار گەنجی کورد و ناکوردیان وەک هۆگری ترکان و گولەن پێگەیاندووە ، وەک ئەوەی لە ئامریکا و ئاڵمان و هەموو وڵاتانی دیکە کردوویانە . بوونی ژمارەیەکی زۆر ، ٣ میلیۆن ، تورک لە ئاڵمان ، بنەمای

پەرەسەندی پەتای گولەنچیەتی لەو وڵاتە پێک هێناوە و تان و پۆی ئەو وڵاتەی داگرتووە . پتر لە ١٠٠ مەدرەسە و دەیان سازی و ڕێکخراوی گولەنی دن ژ ئاڵمانیا چالاک و کاران و مەدرەسەی توودەسب لە گەڕەکی سپانداوی بەرلین سەرکەوتووترین کاری "جەماعەت " ەکەی گولەن لە ئاڵمانیایە .

(( لۆ زانیاری فرەتر لە سەر کارنامەی گولەن جە ئاڵمانیا پروانە ئەم ناونیشانانەی خوارەوە:

http://www.spiegel.de/international/world/turkey-erdogan-sees-power-threatenedby-muslim-cleric-guelen-a-942296-druck.html
http://www.spiegel.de/international/germany/guelen-movement-accused-of-being-asect-a-848763-druck.html

شیاوی ئاماژە پێ کرنە ژی کە ئەمەی ئاڵمان تەنیا نموونەیەکە و بابەتێکە کە وەک سەرچاوەی زانیاری لە سەر ڕەوتی گولەن کەڵکی هەیە ، وەکی دن هەر لە ئوستراليا و فیلیپینەوە بگرە هەتا چین و ماچین و ژاپۆن و وڵاتانی ئافریکا و ئاورووپا و ئامریکا بە گشتی خەڵکی بە دەربەسی ئەو وڵاتانە هەر لە ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر و شرۆڤەکار ەوە هەتا کەسانی ئاکادیمی زانیاری فرە باش و بەکەڵک و بەربڵاویان لە سەر ئەم مژارە کۆ کردوەتەوە و بڵاویان کردوەتەوە ))

لەم سۆنگەوە و بە بەراوەردکاری ، پێوەندی گولەنچیەیەل بە تورکمانەکانی عێراق و نەمازە ئی دە کوردستان شیاوی ڕامان و لێکۆڵینەوەیە . لەل ئەمەش ئیسلامیەیەل کوردستان دەروویەکی دیکەی لەبار و چاوەڕوانکراون ئەڕای ڕەوتی گولەن لە باشووری کوردستان و پێویستە کە تیلی گولەنچیەکان لە ناویان دا بە تەواوەتی بخرێتە ژێر چاوەدێری و لێ کۆڵینەوە . سەیریش نیە کە ئیسلامچیەکانی باشووری کوردستان ژی ناوی خاڕێنەری " خزمەت " یان لۆ پیلان و بەرنامەی هاوبەشیان هەڵبژاردوە، لە سەر شۆپی مەلا گولەنی ترکان و رێباز و ڕیکارە مافیایی یەکانی .

ڕایەڵەی جیهانی مافیایی گولەن تەنیا لە بواری پەروەدە دا نیە بەڵکو ئیمپراتووریەکەی گولەن ، وەک هێندێک جار بەم ناوەوە گازی دەکرێتن ، لە بواری ئابووری و بازرگانی و ئاکادیمی و خوێندنی باڵا و سەرمایەی دراوی و ماڵی و بانک و وەشانخانە و چاپەمەنی و میدیا و تەلەڤیزیۆن و خێرخوازی و هتد

چالاکە و سەرجەمیشیان پێکەوە گرێ دراون لە باری ڕێکخراوەیی و کارگێریەوە . ئەڕای نموونە ڕۆژنامەی زەمان و بانکی ئاسیا و سازی ئابووری تۆسکۆن دەوری یەکەمیان هەبوو لە دامەزراندنی دەزگای خێرخوازی گولەنی لە ٢٠٠٣ کە ناوێکی سەیریشان لە سەر دانا ."ئەرێ کەس هەیە مشوور بخوات"ناوی سازیە خێرزوازیەکەی مەلا گولەنە کە هەم جە تورکیە و هەمیچ ژ دەرڤەی تورکیە چلاکە و کارایە . لەم سۆنگەوە نابێ و ناشێت کو بەتەنێ ئاماژە بە مەدرەسەکانی گولەن بکرێت .

کینیا لە ئافریکا یەکەم بازگەی گولەنچیەکان بوو لەو بەشەی جیهان . کینا لە ئافریکا وەکی ناوەندی گرینگی فسۆسی ئامریکا و ئیسرائیل ناسراوە و کردە تروریستیەکانی ئەلقاعدە لە ئافریکا لە کینیاوە دەستی پێکرد کە پێوەندی بە کینیای ئەو کاتە بە دام و دەزگا سیخۆریەکانی ڕۆژئاوا هەبوو . دانانی یەکەم مۆڵگەی گولەن لە ئافرکا ژی ئەشی پێوەندی بە تێکەڵی گولەن وەگەرد ئەو دام و دەزگایانە و بەرنامەی گلادیۆ ب هەبووبێت . گرینگی ئەم خالە لەوە دایە کە مەردم کورد لەبیریان بێت کە عەبدوڵا ئۆجالان لە کینیا گیرا و ڕفێندرا و گەڕێندرایەوە لۆ تورکیە . لەورا تیلی گولەن لەو کارەساتەی بە سەر ئۆجالان دا هات خویا ئەبێتن و ئەو پرسیارەش لۆ پ ک ک تێتە گۆرێ کە ئەڕا ئۆجالان لەو هەموو جیهانەدا کینیای هەڵبژارد و تووشی ئەو گرتنە هات کە هەتا ئێستاش گیانی نەتەوەیی کورد ئازار ئەدات ، بە دەستەوسانیەوە .

پێوەندی سیاسی و ئابووری باشووری کوردستان وەگەرد تورکیە فرمانێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە و کوردیچ ناتانێ نکوولی وەلێ بکاتن گۆر بارودۆخی جۆغرافیایی و سیاسیی هەنووکەیی . لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئەم دان و سەندنە ئەکەفێتە سەر شانی سەرکردایەتی کورد جە باشوور و لێهاتوویی و لێزانیان دە کار و فرمانی سیاسی و دیپلۆماتیکی . ڕەوتی گولەن لە هاتنە سەرکاری حکومەتی ئاک پارتی لە ٢٠٠٢ دەوری سەرەکی هەبوو و هەتا ئەم دواییانە کە ئاک پارتی و گولەن لێک داپران و کەفتنە دوژمنایەتی ئیک و دوو ، رەوتی گولەن پارەک بوو ژ دەوڵەت و حکومەتی ترکان و بەو ناوەوە کار وفرمانی دیاریکراویان دەمەشاند . جێگەی داخە و هێمای کورت هێنان و کەمایەسی کوردی باشوورە کە کەس قەت ئاماژەی بە جیاوازی ئەو دوو تەوەرە تورکی یە نالێک و ئیستا دوژمنکار

نەکردوە . کاروباری باشوور وەگەرد دەوڵەتی ئاک پارتی بە ڕێکار و ڕێچکەی ئاسایی و یاسایی نێودەوڵەتی و دیپلۆماتیکی باو و زاڵ بەڕێوە ئەچێ . لێ خویا نیە کە باشوور بە چ ئاڤا و لە سەر چ بنەمایەک لەگەڵ گولەنچیەکان و دام و دەزگا مافیاییە یەکانیان لە هەموو بوارێک دا ، هەڵس و کەوتی کردوە و کار و باری مەشاندووە .

سازی ئابووری توسکۆن و بانکی ئاسیا باڵی ئابووری رەوتی گولەنە کە لە ژمارەیەک کۆمپانی تورکی و ناتورکی بە ناوبانگی جیهانیەوە پێک هاتووە . چەند لەو کۆمپانیانە و بانکی ئاسیا لە باشوور چالاک بووگن و جێان کردووە و تا چ ڕادەیەک بەرژەوەندی کورد و دۆزی نەتەوەیی کوردیان یان ڕەچاو کردوە، چەند ئابووری باشووری کوردستان لۆ پتر پەرەپێدانی ڕایەڵەی گولەنچی بەکار هاتووە ، پرسیاری سوورن و وەلامی سوور دخازێ . ملمانێ و شەڕە وانێکی حزبی لە باشوور بووەتە هۆی ئەوە کە کەس لە ڕایەڵەی مافیایی گولەن نەکۆڵێتەوە و ئەوانەی تێبینیان لە سەر پێوەندی باشووری کوردستان و تورکیە هەبووە و هەیە ، لەوانەی کە هەر ئاگایان لە گولەن و گولەنچیەکان و مەترسی سووریان پەی کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی نەبووبێت .

گولەنچیەیەل قورسایێکی فرەیان بە کاروباری میدیایی و تەلەڤزیون داوە تا ڕادەیەک کە ڕۆژنامەی زەمان پڕ ئەژمارترین خوێنەری لە تورکیە هەبوو . چاپخانەی گولەنچیەیەل لە کۆنستانتینۆپۆل ( ستامبۆڵ ) ناوەندێکی گرینگی چاپ و بڵاوکردنەوەی پەرتووک بوو کە فرەیەک لە نووسەرانی کورد نەخاسما ژ ڕۆژئاڤای کوردستان ڕوویان تێ ئەکرد و ببونە بەشێک ژ سازی گولەنچیەکان کە لۆ مەبەستی دیاریکراویان پێکیان هێنابوو . " سازی ڕۆژنامەنووسان و نووسەران - Journalists and Writers Foundation (JWF) " ناوی ئەو ڕێکخراوە گولەنی یە یە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ستانبۆڵ پێکەوە نرا و ساڵانە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان لە سەرتاسەری جیهان لە ڕێگەی ڕایەڵە مافیایی یەکەی کۆدەکاتەوە لۆ گەنگەشەی مژارگەل جۆراوجۆر و گۆر بەرنامەی گولەنچی . خاڵی گرینگ و باڵکێش ئەوەسە کە جە ٢٠١٢ پێگەی ڕاوێژکاری لە " لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووکان (*Nations Economic and Social Council (ECOSOC United*) درا بە سازیەکەی گولەن

و نرخ و بایەخێکی بێ وێنەی دایە ئەوان . لوس ئانجێز تایم و واشنگتۆن پۆست ژی گرێ بەستی لەهەڤ هاتن وەگەرد سازیەکەی گولەنیان هەس . جە ڕێگەی کلینتۆنەکان و نەمازە هێلیری لە کاتی سەرپەرشتکاریی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ، شوێنێکی تایبەتی لۆ سازیەکەی گولەن لەو وەزارەتخانە و بەرنامەی ئاسایی ڕۆژانە ئانکو هەفتانەی ڕاگەیاندن و بانگەشەکاریەکەی تەرخان کرا. ئەمەش لە کاتێک دایە کە ناوێک لە گولەن و گولەنچیەتی و ڕەوتی خزمەت و توسکۆن و بانکی ئاسیا، لە پێوەندی وەگەرد ئەو سازیە دە ئارادا نیە و ئەوانەی تێوەی گلاون و تێوەی ئەگلێن لەوانەیە کە هەر ئاگاداری بەزمە مافیایی یەکی گولەن ژی نەبن .

تا چ ڕادەیەک ئەو تەون و ڕایەڵە بە مەبەست بەرزکراوە و تەیار بە تکنۆلۆژیای تازەبابەت و کارگێری پیشەیی کارامەی گولەن دە بواری کار و فرمانی میدیایی ، باشووری کوردستانی تەنیوەتەوە ، پرسگرێکە کو شیاوی ڕامان و راوەستەکردن لە سەریەتی . ئەرکی لێپرسینەوە و بەدواداچوونی دەزگای ڕاگەیاندن لە باشووری کوردستان و ولاتانی دیکەش ئەکەفێتە سەرشانی ئەنجومەنی نوێنەران و لە زۆربەی ووڵاتان لیژنە و سازی تایبەت نەم فرمانە کارایە . لێ لە کوردستان ئەم مژارە پشت گوێ خراوە و لەمەش فرەتر ئەوەسە کە ئەنجومەنی نوێنەران لە کار خراوە . لە کاتێک دا کە رەوت گولەن تەنانەت لە تورکیە وەک تێروریست دەس نیشان کراوە ، کەس نیە لەوە بکۆڵێتەوە کە ئەرێ ئەو ڕەوتە چ دەورێکی لە کاروباری میدیای بە ناو ئازاد و سەربەخۆ دا جە باشوور هەبووە . باشووری کوردستان وەک هاوپەیمانی ڕۆژئاوا ناسراوە و لەو ئاستە دا وەگەردیان تێکەڵە و گەر ڕۆژئاوایی یەل بوارێکی میدیایی ئەڕای کوردستان ڕێک بخەن ، چاوەڕان ئەکرێ کە ئەو بوارە لەبۆ میدیا ناسراەکانی کوردستان بە تایبەتمەندی سیاسی و حزبیشیانەوە بێت . بە پێچەوانەوە ئەوە میدیای ڕووداوە کە جێگەی ئەوانی گرتوەتەوە و بنەی لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک داکوتاوە کە پتر لەوەی کە وەک دەسکەفت و سەرکەوتنی پیشەی میدیایی ڕووداو خویا بکاتن ، مۆرکی میدیای گولەنی پێوە دئیارە . ڕووداو ئەندامی سازیەکەی گولەن

لەبۆ ڕۆژمەنووسان و نووسەرانە و لە ڕێگەی ئەوانەوە بەشداری لە هێندێک کۆڕ و کۆبوونەوەی بەناو جیهانی ئەکات کە سازکراوی گولەنچیەکانە .

ژمارەیەک ڕۆژنامە نووس و نووسەر و ئاکادیمیای ڕۆژئاوایی و نەمازە ئامریکایی ڕۆژانە بەشداری لە وەشانی ڕووداو ئەکەن و هێندێکیان بە ئاشکرا زۆر بە توندی دژی ئەردۆغان و سیاسەت و رێکارەکانی ئەنووسن کە خۆبەخۆ گۆمانی ئەوە تێرنە ئاراوە کە ئەشێ سەر بە ئاکادیمیای گولەنچیەکان بن کە ژمارەیان کەم نین لە ئامریکا و ئاورووپا .

ڕووداو بە ناوی میدیای ئازادەوە گوێ خەڵکەکەی بەوە پڕ کردوەتەوە کە گوایە سەر بە هیچ لایەنێک نین و گوایە تەنیا مشووری خەڵک ئەخۆن . ئەمە درۆێکی شاخدارە بەوەی کە لە سەرتاسەری جیهانا تاکە یەک میدیای لەو بابەتە بوونی نیە و ئەوەی هەیە و نیە ، هەر هەمووی سەر بە لایەنێک و ئاقارێکی سیاسی دیاریکراون . ئەگینا چۆن ئەبێ کە خێرخوازانی وەک بەڕێوەبەرانی ڕووداو ئەو هەمکە سامان و پارە کە لەوانەیە کەس نەزانی لە کوێوە دەستیان ئەکەوێ ، تەنیا بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان لە ئاقارێکی دیاریکراوەوە ببڕێننەوە . نەیارانی پارتی و ماڵە بارزانی دەنگوی ئەویان بڵاو ئەکردەوە کە گوایە نێچیرڤان بارزانی لە پشتی ڕووداوە ئانکو ڕووداو وەک دەزگایەکی تورکی یە ( دەوڵەتی – ئەردۆغان ) . گەر ئەمە ڕاست بێت ئەوە ئیدی ئەبێ نێچیرڤان ژی گولەنچی بێت و ئەم هەیرە ئاوی فرە هەڵ ئەگرێت .

ڕووداو وەک فشە پاڵەوانی خەڵک مژارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هزریەیەکانی کوردستان بەمەبەست بە شێوەیەک ئەهرووژێنێ کە خەڵکی کوردستان لە هەرچی دۆزی سیاسی و بیر و هزری کوردێنی و نەتەوەیی هەیە بێزار ئەکات و بەمەش بووەتە مایەی سەرئێشە و ئازاری خەڵکەکە و وای لەو خەڵکە کردوە کە بێز لە خۆیان و نیشتمانەکەیان بکەنەوە . لە هەموو جیهانا زۆربەی میدیا کان هەوڵی ئەوە ئەدەن کە بەشێکی باش لە بەرنامەکانیان لۆ سەرقاڵی خوەش و رابواردن و هونەر و موزیک و سروشت و هتد تەرخان بکەن و ئەم تایبەتمەندیە لای ڕووداو ونە و

مژاری سیاسی بابەتی خۆی پرانی بەرنامەی ڕۆژانەی پێک دێنێ کە خۆی لە خۆی دا مژارێکی ناخۆش و بێزراوە لای هەموو خەڵکی جیهان .

## تەقینەوەی ناکۆکی ناو ئیسلامی تورکیە و ئاقاری پەرەسەندی و کاریگەری لە سەر دۆزی نەتەوەیی کورد

کەماڵیزم لە تورکیە بە سەرکەوتوویی یەوە بناغەی تورکیەی کەماڵیستی داڕشت و بنەماکانی ولۆ دەوڵەت و وڵاتێکی لە یاسای بنەڕەتی دا چەسپاند و بورای ئەوەی لە هێز و ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکان بە ئیسلامێشەوە پری کە لە چوارچێوەی کەماڵێزم بترازێن و ببنە مەترسی ئەڕای درێژەی باڵادەستی کەماڵیزم جە تورکیە . تەنیا ڕێگەیەک کە مابووەوە پەی نەیارانی ناوخۆیی کەماڵیزم بە هەر ئادیۆلۆژی و سیاسەتێکەوە ، شۆرشی سەرکەوتووی کۆمەڵانی خەڵک بوو کە بکاربێ بناوانی کەماڵیزم هەڵ تەکێنێ وەک ئەوەی عەجەمستان . کەماڵیزم ئەم دەرەتانەشی نەهێشتبوو بەوەی کە مینا ڕێکاری پێویست و جێگەی پەسەندی ڕۆژئاوای سەرمایەداری و تەنانەت کمۆنیستی ، بە توندی بوون و مانی خۆی بە بەرژەوەندی ڕۆژئاواوە شەتەک دا . بوونە ئەندامی ناتۆی کەماڵیزمی تورکی بە کردەوە خەونی شۆرش و لەناوبردنی کەماڵیزمی کوشت لە تورکیە . ئا لە وەها دۆخێکدا کە هەتا ئیرۆ ژی بەردەامە ، بنەماکانی کەماڵیزم ، چوارچێوەی بواری چالاکی سیاسی هەر هێزێک لە تورکیە دیاری ئەکەن . ئەوەش کە لەو چوارچێوە دەربچێت ئەوە ڕووبەڕووی سزا و لێپێچینەوە و هەڵوەشانەوە و دوور خستنەوە لە سیاسەت لە لایەن دادگای تایبەتی یاسای بنەڕەتی کەماڵیستی ئەبێتەوە ، چەندین نموونەی هەڵوەشانەوەی پارتە ئیسلامی و کوردیەکان بەڵگەی ئەم ڕاستیەن ژ مێژوویی سیاسی تورکیە دا .

ئیسلامیەیەل تورک لە ١٩٤٥ ەوە و دوای چاکسازی سیاسی پێویست لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ژ بۆ بەربەرەکانێی کمۆنیزم ، بواری چالاکی سیاسیان لە چوارچێوەی کەماڵیزم دا لۆ ڕەخسا. جیا لە پرە چاکسازی ئایینی وەک نوێژ و ڕۆژوو و بانگ بە عارەبی و کردنەوەی فێرگەی خوێندنی ئایینی و قورئان ، بزاڤی ئیسلامی جە تورکیە شتێکی ئەوتۆی دەست نەکەفت و ئەو چەند جارەش کە نەجمەدین ئەربەکان خۆی لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک خستەوە ، لە لایەن کەماڵیزم و سپای تورکی وەک پارێزەری کەماڵیزم و دەزگای دادی تورکی نەمازە دادگای تایبەتی یاسای بنەڕەتی وەک پارێزەری سەرەکی کەماڵیزم ، پووچ کرایەوە . داگیرکردنی ئەفغانستان و شەڕی ئیسلام لە دژی عرووسی کمۆنیست و کافر و دواتریش شۆرشی ئیسلامی عەجەمستانی بنا گوێ و هاوکەوشەنی ترکان ، گوڕ و تەوژمێکی نوێی دایە بزاڤی ئیسلامی لە وڵاتە . یاری و گەمەی ڕۆژئاوا و نەخاسما ئی دە ئامریکا وەگەرد بزاڤی ئایینی – ئیسلامی لە شەڕی دەژ کمۆنیستی ، بوارێکی گەلێ لەبارتر و ئاوەڵاتەرتەری پەی هاوپەیمانەکەی ناتۆی ڕەخساند کو ئەو ژی تەڤی وێ یاری و لیستۆکا سیاسی – ئادیۆلۆیکی بێت . یاسای بنەڕەتی کەماڵیستی بواری سەربزێوی سەربەخۆیانەی بە ئیسلامیە یەل تورکی نە ئەدا . تاکە ئێک ڕێگە کە کراوە بوو ئەڕایان ئەوە بوو کە کەماڵیزم و ئیسلامیزم پێکەوە موتوربە بکەن و لێکیان مارە بکەن . ئەردۆغان و ئاک پارتی ئەمەیان کرد و دۆخی گشتی ناوچەیی و جیهانی و سەرهەڵدانەوەی ئیسلامی سیاسی بە گشتی هەلی سەرکەوتنی لۆ ئەردۆغان ڕەخساند . عەبدوڵا گوڵ ، سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیە کە دەنگۆی ئەوەی لە سەر کە کۆنە گولەنی بووگە لە چاوپێکەوتنێکی وەگەورد بی بی سی لە ٤ی نوامبەری ٢٠٠٢ پێی لەوە ناوە کە پارتە تازە پێکەوە نراوەکەی ئاک پارتی بە ئەرکی خۆی ئەزانێ کە وەفادار بێت بە بەها و بنەماکانی کەماڵ ئەتاتورک . ئەم وتەی عەبدوڵا گوڵ ئیتر هیچ گومانێک لەوە دا ناهێڵێتەوە کە ئیسلامی ئاک پارتی ، ئیسلامی کەماڵیستی یە ، ئانکو کەماڵیزمە بە بەرگی ئیسلامیەوە . ئاک پارتی نەریتی دژە ئیسرائیلی و دژە ڕۆژئاوایی ئەربەکانی وەلا نا و بزاڤی ئیسلامی تورکیەی خستە سەر ڕیگا و ڕێچکەیەکی نوێ و بابەتی کەماڵیستی .

ئاک پاری تێکڕای ئەو کەس و لایەنانەی کە پێشتر لە بزاڤی ئیسلامی تورکیە کە بە ڕەوتی " Milli Görüş " ، ڕوانگەی نەتەوەیی ، ڕەوتەکەی ئەربەکان ، ئەناسرێ ، چالاک بوون لە دەوری خۆی خڕ کردەوە . لەگەڵ ئەمانەش ڕەوتەکەی گولەن ژی کە ساڵانێک پێش ئەردۆغان بەرگی کەماڵیستی دە بەر ئیسلامەکەی کردبوو و وەگەردی جووت ببوو تا ڕادەیەک کە جەنابی مەلا گولەن بوو بە ڕاوێژکاری تانسو جیلەری سەرۆک وەزیری ئەو کاتی تورکیە . مەلا گولەن وەگەرد ئەجویت ژی دە سەر هەمان شۆپی کەماڵیستی تێکەل بوو .



**مەلا گولەن و سیاسەت و سیاسیکاران ژ تورکیە**

ئادیۆلۆژی قەت نەی توانیە و ناتانێ سیاسەت دیاری بکات و ئەوە سیاسەتە کە ئادیۆلۆژی دیاری ئەکات و ئادیۆلۆژی لە ڕاستی دە پاکانەی سیاسەتێکی دیاریکراوە . ئەمێج ڕاستە لە پێوەندی لەل تێکەڵی گولەن و ئەردۆغان و سیاسەتێکی دیاری کراو پێکەویانی گڕی دا کە ئەو ژی کەماڵیزمە . هەمووان ژی جەو ڕاستی ئاگاهدارن کو ڕەوتی گولەن دەوری سەرەکی و یەکەمی لە سەرکەوتنی ئاک پارت و ئەردۆغان دا هەبووە و بە بێ گولەن سەرکەوتنی ٢٠٠٢ی ئاک پارتی فرمانێکی نەشیاو بوو . ئەم ڕاستیەش بووە هۆی ئەوە کە هەر دوو رەوتەکە دەسەڵات لە نێوان خۆیانا بەش بکەن لە هەموو ئاستێک دا ، بەوەی کە تەواوکەری یەکتر و دوو ئامرازی کەماڵیستی هاوشێوە بووگن ئەڕای وازی سیاسی ڕۆژی کەماڵێزم .



**مستەفا کەماڵ ، گولەن ، ئەردۆغان و گوڵ**

تێکەڵی ئەم دوو ڕەوتە درێژەی هەبوو و ستراتیژی هاوبەشیان لە دژی نەیارەکانیان پێکڤە دەمەشاند. لە ٢٠٠٧ لە لێدانی ئەرگەنەکۆن  وەک سازیێکی سەربازی سپا و میت کە بە تایبەت بۆ دژایەتی کورد ساز کرابوو ، گولەن باڵادەستی خۆی سەلماند ، بەوەی کە باش و بە تەواوەتی دزەی کردبووە ناو دەزگای دادی تورکی و لە ڕێگای یاسایی یەوە گرفتی ئەرگەنەکۆنی چار کرد کە لە بەرژەوەندی کورد بە گشتی ژی بوو . وەک گەنگەشە کرا ، دەزگای دادی تورکی پارێزەری سەرەکی و یەکەمی کەماڵیزم بووە هەر لە سەرتای کەماڵیزمەوە هەیا نها ژی . ئەوەی کە بوار بە مەلا گولەن دراوە کە دەستی باڵای هەبێ لەو دەزگا گرینگەی پارێزەری کەماڵیزم ، ئەوە ئەسەلمێنێ کە جەنابی مەلا گولەن جێگەی پرواى تەواوی پارێزەرانی کەمایزم بە سپا و دەزگای داد و سیاسیکارانی خاوەن دەسەڵاتی تورکیەوە بووە . ئانکو دەبێ کو بێژین گولەن ئێک ژ وان کەسانێن هەری گرینگ بوویێت کە ئەرکی پاراستنی کەماڵیزمی دە ئەستۆی خۆی گرتبێ . تیلی مەلا گولەن لە دەزگای دادی تورکیە ، ئاک پارتی لە لێپێچانەوەی یاسایی ژ ئەردۆغانچیەکان و هەڵوەشانەوەی پارتەکەی  لە ٢٠٠٨ دا ڕزگار کرد .




**کاریکاتوری پێوەندی گولەن و ئەردۆغان**

وەک هەر تێکەڵی و یەکگرتوویی سیاسی دن ، زەماوەند و یەکانگیری گولەن و ئەردۆغان ژی کۆتایی هات و تووشی لێک داپران بوو و گاڤ بە گاڤ نالێکی و ناتەبایی نێوانیان مەزنتەرتەر بووەوە . یەکەم بوویەر کە درز و کەلەبەری خستە نێوانیان ، هەرای ناردنی یارمەتی ئەردۆغان بۆ فلستین بوو (هەرای فلۆتیلا - flotilla) کە گولەن دژی وەستایەوە . هەڵوێستی توند و دوژمنکارانەی گولەنچیەکان سەبارەت بە مەلای عەجەمان و بەعسی سووری ( پێش قەیرانی سووری ) جیاواز بوو لە ئاک پارتی بەوەی کە گولەنچیەکان فرەتر هاوئاقاری ئامریکا بوون تا ڕادەیەک کە کاردانەوەی بزاڤی ئیسلامی سیاسی ناوچەکە ، ئاک پارتی ژی لە ناویان دا ، لە دژی گولەن لێ کەوتەوە .

نالێکی و ناکۆکی نێوان گولەن و ئاک پارتی بەردەوام بوو و پاشان خۆپیشاندنەکەی پارکی قازی (Gezi Park) لە ٢٠١٣ لە ستانبۆڵ کە پۆلیسی سەر بە گولەن بە مەبەست بە توندی سەرکوتی کرد ، هاتە ئاراوە و حکومەتەکەی ئەردۆغانی تووشی سەر ئێشەیەکی گاورە کرد . مەلا گولەن دواتر لە هەمان ساڵی ٢٠١٣ دا هەرای دژە گەندەڵی کە دەزگای دادی سەر بە گولەن تەقاندەوە و نرخ و بایەخی ئەردۆغانچیەکانی زۆر خراپ شکاند . نابێ و ناکرێ کە دەستی گولەن لە دۆڕانی ئاک پارتی لە هەڵبژاردنی یەکەمی ٢٠١٥ لە بەرچاو نەگرین . هیچ دوور نیە کە گولەنچیەکان لە ڕێگەی دەنگ دان بە پارتەکەی پ ک ک ، ه د پ ، هەوڵی ئەویان دابێ کە بەو شێوەیە بەر بە ئەردۆغانی تاک ئاژوو بگرن و سنوورێکی لۆ دابنێن . پ ک ک ئەو دەرفەتەی مراند و هەلی بەشداری کورد لە

دەسەڵاتی سیاسی تورکیەی لە کیس کورد دا . سەرکەوتنی ئاک پارتی لە خولی دووهەمی هەڵبژادن و دابەزینی دەنگەکانی پ ک ک هێما و ئاماژەیەکە بەو گەمە سیاسی یەی ناوخۆی تورکیە و ململانێی گەرم و بەربڵاو و سووری ڕەوتی گولەن و ئەردۆغان . سەرکەوتنی ئاک پارتی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و هەڵدانی ئەردۆغان و هەر وەتریش ئی دە پارلمانی تورکیە ژ دوا هەلبژاەدنی ٢٠١٥ ، ئەو دەرەتانەی لۆ ئەردۆغان و ئاک پارتی ڕەخساند کو چاری ڕەوتی گولەن و گولەنچیەکان بکەن بە تەواوەتی و سێبەر و تارمایی دەسەڵاتەکەی وەک دووهەم دەسەڵاتی تورکان نەهێڵن . پەڵاماری ڕۆژنامەی زەمان و داخستنی لە لایەن ئەردۆغانەوە سەرەتای شەڕی نەهێشتنی گولەنچیەیەل لە لایەن ئاک پارتی بوو .

کوودەتا گۆماناویی و سەیر و سەمەرەکەی تورکیە لە ١٥ جوولای ٢٠١٦ کە تاوانەکەی ئەدرێتە پاڵ مەلا گولەن ، بووە خاڵی کۆتایی لێک هەڵپرانی ئەو دوو ڕەوتە ئیسلامیەی تورکیە . ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کە ئەو دوو ڕەوتە بە جیاوازی بیری ئایینی و ڕێکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیان چیدی پێکەوە هەڵ ناکەن و هەر یەکەو ئاقاری تایبەتی خۆی ئەگرێتە بەر . ئەربەکان و ئەردۆغان و ئۆزاڵ و گوڵ و داودئوغلۆ و هاوڕێکانیان ڕاستەو خۆ لە فێرگە میللی گوروش پەروەردە بووگن کە بیری ئایینی یان ئەچێتەوە سەر فێرگەی نوور و دواتر لە ژێر کاریگەری ئیسلامی عارەبی و ئیخوانەکان هەڵیان دا . جیا لە ڕێکاری سیاسی و دیپلۆماتیکی ، هیچ دوور نیە کە بەشێکی پێوەندی تایبەتی ئەردۆغان بە ماڵە بارزان لە ڕێبازی نەقشی یەوە سەرچاوەی گرتبێ .

دوای ئەوەی کە ئایینی عارەب پەرەی سەند و دەسەڵاتی سیاسی پێکەوە نا ، کێشەی بەڕێوەبەری خەڵک و خاکی ژێردەسەڵاتیان هاتە ئاراوە . " مەسحەف "ەکەیان کە دواتر ناویان نا قورئان ، بەشی ئەوەندەی تیا نەبوو کە وەڵامی پێداویستی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی – عارەبی بداتەوە . نەبوونی نەریتی دەسەڵاتداری سیاسی جە ناو عارەبان و ئەم کورت هێنانەی قورئانەکەی عارەبان بوە هۆی ئەوە کە کەسانی پسپۆریان ، پەی پڕ کردنەوەی ئەوان کەمایەسی و کورت هێنانە ، لە بۆ دابین کردنی پێدڤیا دەزگای سیاسیان ، هەر یەکە گۆر بیری تاکەکەسی و خواستی سەرکردایەتی

سیاسی خۆی بیچمێکی دادگەری پێکەوە نا کە بە شەریعەت هاتە زانین و ناسین . شافێعی ، حەنەفی . مالکی و حەنبەلی چوار ڕێچکەی سوونەیە و چەعفەری ژی ڕێچکەی شێعەگەریە . هەر ئەم کورت هێنانەی قورئانی عەرەبی لە بواری بەڕیوەبەری سیاسی ، کارخانەی " حەدیس سازی " راست و ناڕاست و هەلبەستراو و هۆنینەوەی چیرۆکی خەیاڵاویی سەرەتای ئیسلامی خستە گەڕ ئەڕای داڕشتنی کۆڵەکەیەکئ دیکە و جیاواز لە قورئان بۆ شەریعەتەکەیان .

مەلا گولەن هەر لە سەرەتای ناودەرکردنی ، پێداگری لە ڕێچکەی حەنەفی کردوە و ئەیکات کە تایبەتە بە تورکان و عوسمانلی یەل لۆ خۆیان هەڵبژارد و پەرەیان پێدا بەتایبەت لە ناو تورکانی هاەڕەگەزیان . هۆی ئەم بژاردەی عوسمانلی و ترکان بە گشتی ئەوەسە کە حەنەفی ، بە پێچەوانەی شافێعی و مالکی و حەنبەلی ، نەریت و فەرهەنگی خەڵکی خۆجێیی ناعەرب مینا تورک وەک کۆلەکەیەک و ڕیکارێک لە دەزگای دادی ئیسلامی ( شەریعەت ) پەسەند ئەکات و ئەمەش ئەو دەرفەتە ئەدات کە خەڵکێک وەک ترکان کە داب و نەریت و فەرهەنگی خۆیان ئاوێتەی شەریعەتی ئیسلامی بکەن . مالکی ئەم تایبەتمەندیەی تەنیا بە خەڵکی مەدینە داوە و حەنبەلی دژی ئەو ڕیکارەیە و شافێعی ژی لەگەڵی دا نیە . ڕێبازی نەقشەبەندی ژی ڕێچکەی شافێعی هەڵبژاردوە و بە لەبەرچاو گرتنی پێوەندی ئەردۆغان و ئاک پارتی بە ڕێبازی نەقشی و میللی گوروش، ئەکرێ کو بووشین جیاوازی بۆچوونی ئایینی جە ناوبەرا گولەن و ئەردۆغان ماکی ناکۆکی نێوانیان پێک تێنێ . هەرای فلۆتیلا خاڵی تەقینەوەی ئەو ناکۆکیە ئایینی و سیاسیە بوو کە جە ڕاستی دە لە دوو بۆچوونی دژ بەیەکی ئەردۆغان و گولەن لە مەڕ سیاسەتی دەرەوەی تورکیە سەبارەت بە ئیسرائیل و جوولەکە بە تایبەتی و ئی دە ڕۆژئاوا بە گشتی ، لە سەر بنەمای هزری ئایینی یەوە سەرچاوە ئەگرێتن . گرینگی ئەم خاڵە لەوە دایە کە دەری ئەخاتن کو ئەردۆغان و پارت و ڕەوتەکەی دە ئاقاری ئیسلامی عارەبی باو و زاڵی ئیستا ئەمەشی و ناوەرۆکی پەرتووکەکەی داودئۆغلۆ " قووڵایی ستراتیژیک "ڕەنگدانەوەی ئەوان تایبەتمەندی ئاک پارتیە . گولەن ژی کە بووەتە سووکە ئیپراتووریەک لە ئاقاری جیهانی و ڕۆژئاوایی یەوە کار ئەکاتن پەی پاراستنی بەرژەوەندی ترکان . هەر ئەم دوو

ئاقارەش ، داهاتووی هەرتک ڕەوتەکە و شوێنی جیاوازیان لە ڕێزبەندی سیاسی ناوچەیی و جیهانی دەس نیشان ئەکاتن .

پێداچوونەوەیەکی پڕێک قووڵ جە دیرۆکا ترکان ئەو ڕاستیە ئاشکرا ئەکات کە سەرەڕای هەرا و هووریای تورکچیەکان و نەمازە کەماڵیست یەل ، ئەوە ئاورووپا بوو کە چارەنووس و ڕەوتی هەڵدان و گەشەکردن و شکانی تورکانی دیاری کردوە و ئەیکات . گەر دژبەری نێوان ڤاتیکان وەگەرد کلیسای ڕۆژهەلات لە کۆنستانتینتۆپۆل وەک چاوگە و کلیسیای یەکەمی کریستیان لە ئاورووپا ، کە پتر جێگەی پەسەنی کریستیانەکان بوو لە چاو ڤاتیکان ، نەبا ، ئەوە ئیدی بواری ئەوە بە ترکانی عوسمانلی نەئەدرا کە کلیسای ڕۆژهاڵاتی کریستانەکان بەو بەها و نرخە ئایینی یەوە لە ناو بەرن و ببنە هۆی ئەوە کە ڤاتیکان ببێتە تاکە سەرچاوەی دەسەڵات و هزری ئایینی کریستیانەتی . ئەوەش کە ئاورووپا ئیمپراتووری عوسمانلی تیابرد و کەماڵیزمی کردە جێگری ، مێژووێکی فرە دوور نیە و هەمووان لێی ئاگادارن . رەوتی مەلا گولەن درێژەی هەمان ڕەوتی مێژوویی ترکانە کە خۆی وەگەرد ڕۆژئاوا موتۆربە کردگە . هەر ئەم ئاکارەش بواری ئەوەی بە گولەن داگە کە هەتا ئاستی نیمچە ئیمپراتووریەک هەڵ بدات ، بە هوی بەرنامەیەک وەک بەرنامەی گلادیۆ ب و هاوشیوە کانی چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا. لەم سونگەوە دەبێ کوو بووشین کە خەلافەتەکەی مەلا گولەن ، خەلافەتێکی ڕۆژئاوایی بە گشتی و ئامریکایی بە تایبەتی یە . ئەوەش ئەردۆغان پاش بەزمی کوودەتاکەی تورکیە لە ئامریکای هەڵ پێچاوە بۆ ڕادەست کردنەوەی گولەن دەزڤرێتەڤە لۆ پێوەندی گولەنچیەکان بە ئامریکاوە کە ئەردۆغان پتر لە هەموو کەسێک لێێ ئاگادارە . شەڕەکە لە ڕاستی دا شەڕی دووبابەت خەلافەتە لە تورکیە . مژاری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئامریکا و یەک لا بوونەوەی لە داهاتوویێکی نزیک دا بۆی هەیە کە شەڕە وانێکی خەلافەت ژ تورکیە کوور تەرتەر بکاتەوە . لە ئەگەری سەرکەوتنی هێلێری کلینتۆنی کۆنە یار و دۆستی گولەن ، دەروویێکی باش ئەڕای گولەن ڤەدەبێ و ئەگەری ئەوەش تێتە هۆلێ کە کاردانەوەی ئەردۆغان ئەوە بێ کە ئەو فرەتر بەرەو ڕووسان باژوێ و شەڕەکە گەرمتر دابێ .

ئەردۆغان ڕێکاری هەمیشەیی خۆی لە سیاسەتی ڕۆژ دا خستوەتە کار و گەمەی سیاسی چاوەڕوان نەکراوی خۆی دەس پێکردوە . بادانەوە لە دۆست بۆ دوژمن و بە پێچەوانەشەوە ، تاکیکی ناسراوی ئاک پارتیەکەی ئەردۆغانە کە لە هەرای فلۆتیلا زەق بووەوە . ئا نها ژی ئەردۆغان پەی گوشار خستنە سەر ئامریکا بای داوەتەوە سی ڕووسیە و لەمێسەوە بۆ لای مەلای عەجەمان و بەعسی سووری و بە مەش هەڕەشەی ئەوە لە ئامریکا ئەکات کە تورکیە بەرەو ئەوە ئەچێ کە ڕیزبەندی و هاوکێشەی هێز لە ناوچەکە دژ بە بەرژەوەندی ئامریکا و لە قازانجی عرووسان تێک بدات لە ئەگەری ئەوەی کە ئامریکا پشتی مەلا گولەن بەر نەدات و ڕادەستی نەکاتەوە و کۆتایی بە بەزم و هەرای مەلا فەتحوڵا نەهێنرێ . سیاسەتی نوێی ئاک پارتی گەزۆی خێر و بێرە کە قەیرانی ناوخۆیی تورکیە ئەڕای عرووسانی باراندوە . ڕووس ئەو دەرەتانەی لۆ ڕەخساوە کە کوردەکەو ماچۆ بە هەر دوو دەس باوش بە ئەردۆغانا بکات و ئەو خەونە بهێرێتە دی کە ئەوەی لە دامەزراندن و ئالیکاری و پاراستنی خەلافەتی مەلای شێعەگەری سەفەویی عەجەمستان بۆی لوا ، لە خەلافەتە سوننەکەی ئەردۆغانیچ ژ تورکیە ، بەڕیوەی ببات . ئەمەش بەو واتایە کە خەلافەتەکەی ئاک پارتی مۆرکی ڕووسی بە خۆیەوە ئەگرێ و درگای ئەوە لۆ عرووسان ئاوەڵا ئەبێتن کە خەلافەتی شێعە و سوننە لیک مارە بکەن و هۆکارێکی بەهێز لە دژی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئامریکا بە تایبەتی پێک بهێنن. ئەمە ژی ئەو هەلەیە کە پاش ڕووخانی ئیمراتووری کمۆنیستی عرووسان ، ئەردۆغان لۆیانی ڕەخساندوە . جە ئەگەری سەرکەوتنی ڕووس لەم گەمە سیاسیەدا ، ڕۆخسار و ناورۆکی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی گۆڕانکاری فرە گاورە و کاریگەر بە خۆوە ئەبینێ و ئەبێتە بوویەرەک ئا دیرۆکی .

مانۆرە سیاسیەکانی ئەردۆغان قەیران خۆلقێنن و بە زۆری لە سەر هەوانتە هەڵچنراون و بنەمایەکی ئەتۆی سیاسی و مێژوویيان نیە و وەگەرد ڕەوتی ئاسایی مێژوویی ناوچەکە و نەمازە ئی دە تورکی ژی ناگونجێن . وەکی کۆ هاتە گەنگەشە کرن تورکیەی کەماڵیستی و تەنانەت ئی دە ئیمپراتووری عوسمانلی پارەک بووگن و بەشێکن ژ ڕەوتی سیاسی و ئابووری و ستراتیژیکی ڕۆژئاوا و تورکیەی

ئەردۆغان ناتانی و لە کێشـی دا نیە کو ئەم تایبەتمەندیەی وڵاتەکەی بگۆری و ڕاسـتەوخۆ بکەفێتە بەرەی دوژمنکاریی و بەربەرەکانێی ڕۆژئاوا و ئامریکا . گەر ئەردۆغان بۆ خۆشـی ئەو بەزمە بە هەند وەربگرێ ئیتر لەوانەیە ئەو دژکردەوەی جە هەمبەر مەلا گولەن و ئامریکا سـەری خۆی و ئاک پارتی و وڵاتەکەشـی بخوات . بێ دەنگی و ئانکو نەرمی نواندنی ئامریکا جە هەمبەر ئەو ئاقار و سـیاسـەت گۆرینەی ئاک پارتی لەوانەیە بە هۆی ئەو کەتنە گاورانەوە بێت کە ئامریکا سـەبارەت بە ئیسـلامی سـیاسـی کردبێتی کە تورکیەش وەک هاوپەیمانیان بەشـداری چالاک بوە تێیدا و ئاگاداریانە و زانیاری لە سـەریان هەیە . هەلی ئەوە ڕەخسـاوە کە ڕووس و تێکرای نەیارانی ئامریکا ، نالێکی تورکیەی ئاک پارتی و ئامریکا بقوزنەوە و لە ڕێگای دەزگایەکی مینا ویکیلیک بەڵگە و زانیاری کەتنەکانی ئامریکا لە قاو بدەن و لە جیهانی مرۆڤایەتی و نەخاسـما ئی دە جیهانی ئیسـلامی جارەک دن ترۆیان بکەن. ئاشـکرا کردن و لەقاودانی نهێنیاکانی تێروری ئیسـلامی لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی دایە .

دۆزی نەتەوەیی کورد لەوانەیە گەورەترین زیان و خەسـاری بەر بکەوێ لەو گۆرانکاریە سـیاسـیەی ئاک پارتی و ئەردۆغان . خولێ دووهەمی هەڵبژاردنی تورکیە لە ٢٠١٥ و سـەرکەفتنی ئاک پارتی و دۆرانی پارتەکەی پ ک ک و هەر وەتریش داخسـتنی ڕۆژنامەی زەمان و هێرشـی هەمەلایەنەی ئاک پارتی بۆ سـەر ڕەوتی گولەن و سـەرکوت کردنیان دوای کوودەتاکەی تورکیە ئەو چەند خویا دەکاتن کو ئاک پارتی لە کێشـی دایە کە بەر بە کاریگەریی سـیاسـی گولەنچیەکان لە ناوخۆی تورکیە دا بگرێ و ئەمەش ئەو بوارە لە کوردی باکوور ئەپری کە لە کەلین و درز و نالکۆکی ئەو دوو ڕەوتە سـیاسـی و هزریە لە تورکیە کەڵك وەر بگرێ .

عرووسـان چەکی کاریگەری گاز و نەوتیان بە دەسـتەوەیە و لۆ بەرژەوەندی سـیاسـی و نیشـتمانی خۆیان فرە باش و کاریگەر دەکاری تێنن ، وەک لە پێوەندیان وەگەرد ئاورووپا و قەیرانی ئۆکراینا نیشـانیان دا . سـەردانەکەی ئەردۆغان بۆ کن پووتین بە گرێ بەسـتی گاز و نەوت لە ئاسـتێکی فرە قەبەدارا کۆتایی پێهات کە مەترسـی فرە سـوور پەی باشـووری کوردسـتان چێ ئەکاتن . لە ئەگەری سـەرکەوتنی ڕووس و تورکیە لە هاوهاوی نوێیان دا ، ئابووری قەیران گرتووی کوردسـتان تووشـی

دۆخێکی فرە نالەبار و قەیرانێکی فرە گاورەتەرتەر لەمەی ئیشتای ئەبێتەوە کە ڕاستەوخۆ کار ئەکاتە سەر ڕەوتی گەشەکردنی سیاسی دۆزی  نەتەوەیی کورد بە گشتی و لە باشووری کوردستان بە تایبەتی . قەبە و قورسایی نەوت و گازی کوردستان و دۆخی سیاسی – ئابووری یەکەی لە کێشی دا نیە کە مل دە ملی عرووسان بنێت لەم بوارەدا . خەڵاتی نەوت و گازی ڕووس لۆ ئەردۆغان نەک هەر ژ ئالیێ ئابووری هەرزانترە لێ بەلێ ژ ئالیێ سیاسی ژی قازانجی فرەتەرتەری هەس ئەڕای تورکان . بازرگانی نەوت و گازی تورکان وەگەرد باشووری کوردستان ڕاستەوخۆ کار ئەکاتە سەر مژاری سیاسی دۆزی نەتەوەیی کورد و لە مەش فرەتر کار ئاکاتە سەر ژیانی ڕۆژانەی بەشێکی باش و بەرچاوی تاکی کورد لە هەر دوو دیوی سنووری باشوور و باکوور . جە هەمبەر ئەمە دا ، بازرگانی ترکان بە ڕووس رە ئەم ئالۆزیەی بۆ ترکان جێ ناکات و تەنانەت مەترسی تەقاندنەوەی لوولە نەوتەکان لە لایەن پ ک ک ەوە هەڕەشەی لێ ناکات .

بادانەوە و گەڕانەوەی سەرکردایەتی کورد جە باشوور سی بەغدا لەم ڕۆژانەی دوایی دا ئەوە ئەسەلمێنێ کە کاریگەری هەرای مەلا گولەن و نەمازە کوودەتاکەی و مانۆری سیاسی ئاک پارتی جە سەر کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی فرە زەقە و بۆی هەیە کە کوردی باشوور ناچار بکاتن کە ئەڕای مانەوەی دۆخی ئێستایان واز لە مژاری سەربەخۆیی بهێنن . نەیارانی هەتا ئێستای سەربەخۆیی کوردستان ژی ژ ناوخۆی نێستمانەکەمان هەلێ ئەوەیان لۆ ئەڕەخسی کە پاکانەیەک ئا ناڕەوا و چەواشەکارانە و خاپێنەر ئەڕای سیاسەتی ناکوردانە و نانەتەوەیی یان ، گەر نەبێژین خەیانەتکارانەیان لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە ، بهۆننەوە . چوونە بەغدای سەرۆکی حکومەت و خوش و بێش کردنیان وەگەرد کاربەدەستانی بەغدای تاوان لە سەر مژاری نەوت و گاز و ئی دە کەرکووک بە تایبەتی و ڕێککەوتنی ڕواڵەتیان ، سەرەتای پاشەکشێ و دۆڕانی دۆزی نەتەوەیی کوردە لەم دۆخە نوێیەی هەرای مەلا گولەن خۆلقاندی و کوردەکەو ماچۆ ، خوا بکات هەر بەوەندەشەوە بوەستێ و نەبێتە کارەساتێکی دن ژ کارەساتێن دیرۆکیا ێن کوردان .

به له بەر چاوگرتنی ئاوەها دۆخێک ، مژاری سەربەخۆیی باشووری کوردستان گەر کوێر نەبێتەوە ئەوە ئیدی گۆڕ و تەوژمی هەنووکەیی خۆی ژ دەست ئەدات . ئەمەش سەرباری ئەو ڕاستیەیە کە کۆتایی شەڕی دژی هۆڤانەکانی داعش خەریکە نزیک ئەبێتەوە و لەوانەشە کە لە ئەگەری گرتنەوەی موسڵ و ڕەقە ڕابگەیندرێت کە ئەمیچ مەترسیێکی سوورە پەی مژار سەربەخۆیی کوردستان . قەیرانی سیاسی چەق بەستووی ناوخۆیی باشوور و دەستەوسان وەستانی هێزگەل سیاسی جە هەمبەر ئی قەیرانە دا و درێژەکێشانی بەرەو ئەوە داژووت کە هەلی مێژوویی ڕەخساو ئەرای دۆزی نەتەوەیی کورد لە کیس بچێت کە وەک تاوانی مێژوویی ئەکەفێتە سەر ملی هەموو لایەنێکی سیاسی کورد بە بێ هیچ ئەم لا و ئەو لایەک .

ئاک پارتی هەوڵی ئەوە ئەدات کە بە پشت بەستن بە هاوپەیمانە نوێ کانی ، ڕووس و عەجەم و بەعس ، هەلەکە بقوزێتەوە و دۆزی نەتەوەیی کورد ژ باکوور ژی وەکی ڕەوتی گولەن سەرکوت بکات و چاری پ ک ک وەک نەیاری سەرەکی خۆی لە مژاری دیمۆکڕاسی و نەتەوەیی لە تورکیە بکات . دۆرای سەرەکی و یەکەمی ئەم بەزمەی ئاک پارتی ، پ ک ک ئەبێ بەوەی کە چاوگەی ئالیکاری و هاوهاوی هەتا ئێستای نەک هەر لە دەست ئەدات بەڵکو ئەگەری ئەوش هەس کە لێی هەڵ ئەگەڕێنەوە و لێی بدەن وەک لە حەسەکە بینرا . ڕووی ڕاستی دۆخی کوردان ولو بووگە و ولویە ژی کە پ ک ک چ وەک مەترسی ئەڕای تورکان و چ مینا هێزێکی کۆمەڵایەتی جە ناوخۆی تورکیە تا ڕادەیەکی بەرچاو کاری ئەکردە سەر سیاسەتی ئاک پارتی لە مەڕ کێشەی کورد نەک هەر لە باکوور بەڵکو لە گشت کوردستان . ئاسۆی ستراتیژی درێژخایەن و قووڵی ئاک پارتی ئەوەسە کە ئەم هۆکارە کاریگەرە لە سەر سیاسەتی نەتەوەیی خۆی سەبارەت بە دۆزی کورد نەهێلێ ، بە لێدان و نەهێشتنی پ ک ک لەو ئاستە سیاسی و سەربازیەی ئێستایان . سەرکردایەتی کورد جە باشوور ئەشی فرە بە وریایی یەوە ئاگاداری ئەم ڕێکارەی ئەردۆغان بن لە دان و سەندن و سەردانەکانیان ژ بۆ تورکیە و دان و سەندن وەگەر ئاک پارتی بە تایبەتی .

گەر بە هۆی شەڕی دژی داعش ، ئامریکا لە ڕۆژئاڤای کوردستان وەگەرد پ ک ک تێکەڵی هەس ، ئەوە بەو واتا نیە کە ئامریکا ببێتە جێگرەوەی ڕووس و عەجەم و بەعس ئەڕای پ ک ک و پ ک ک بۆخۆی لە مێژە کە ئەم ئەگەرەی نەهێستوەتەوە تەنانەت ، کوردەکە ماچۆ ، بۆ ڕۆژی تەنگانە و مانۆری سیاسی پێویست . ئاک پارتی ، گۆڕ ستراتیژی خۆی وەک باس کرا ، شەڕی دژی کورد دەست پێکردوە و ئەوەی کە هەتا دوێنی وەک هاوپەیمانی ئامریکا دەستی تی نەئەچوو ، بۆی ڕێککەوتوە و ڕێی تێ ناچی کە تورکیە هەلێکی هانا زێڕین لۆ خۆی لە کیس بدات . هاو تەریب وەگەرد ترکان ، بەعسی سووری ژی شەڕی دژی پ ک ک ی دەس پێکرد لە حەسەکە . ئەبێ کە چاوەڕان بین داکو بزانین عەجەم چیان بە دەستەوەیە لە دژی پ ک ک . ڕۆژانی خۆشی چەند ساڵی ڕابردووی دۆزی نەتەوەیی کورد خەریکە کۆتایی پێ دێت و نەیارانی کورد نەخاسما داگیرکەرانی کوردستان رۆژیانە و پیکڤە و بە هەڤرە دژی کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی لە گشت کوردستان .

ئەڕای ئەوانەیچ کە ژ ڤێ ڕاستی نێناگەن ، لە سەر ڕێچکا قانع و بەستەی دەبە دەب ئووشین :

وتم ئەی ئاشوفتە حاڵ وەتەن چۆڵە ، پەریشانە

وتی دەبە دەب دەب ، دەبە دەب

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٦/٩/١